دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧٣

سێ شەممە ● ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ ● ٦ی نوامبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

## گەیتس: دەبێ فشارە ئابوورییەکانی سەر ئێران زیاد بکرێن

وەزیری بەرگریی ئەمریکا ڕۆژی دووشەممە ٥ی نوامبر لە پیکەن گوتی بۆ ئەوەی ئێران ڕازی بکرێ واز لە پرۆگرامە ناوکییەکانی خۆی بێنێ، پێویستە فشاری ئابووریی زیاتری بخرێتە سەر. لە کاتێك دا هێزە گەورە جیهانییەکان چاوەڕوانی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکین سەبارەت بە پرۆگرامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خێرایی بە هەوڵە دیپلۆتیکەکانی داوە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی دوو وڵاتی ڕووسیەو چین لە سەپاندنی خولی سێهەمی گەمارۆکانی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران.

ڕابێرت گەیتس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، دوای وتووێژ لەگەڵ وەزیری بەرگریی چین، چاو گنگچوان، لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا ڕای گەیاند کە واشینگتۆن و پیکەن دەربارەی درێژەی هەوڵەکان بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئێران بۆچوونی هاوبەشیان هەیە. ئەو هەروەها گوتی: "دەبێ بڵێم کە لە سەر ئەم خاڵەش پێم داگرتوە کە بۆ ڕازی کردنی دەوڵەتی ئێران پێویستە فشارە ئابوورییەکانی سەر ئەم وڵاتە زیاتر بکرێن".

# کوردان لەسەر داکۆکی لە دەسکەوتەکانیان لە باشووری کوردستان یەکدەنگن

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی پێکهاتنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییەوە

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنێ کە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب ڕۆژی یەکشەممە ٦ی خەزەڵوەر (٢٠٠٧/١٠/٢٨) دەستی پێ‌کرد،و پاش ٥ ڕۆژ کارو چەندین جەلەسە باس‌و بیرورِا گۆڕینەوەی بەسوود دوانیوەڕۆی پێنج شەممە ١٠ی خەزەڵوەر (٢٠٠٧/١١/١) کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کە بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ئەسڵی، موشاویرانی کومیتەی ناوەندی‌و دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هاتبوو، بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی تازەترین هاوڕێی کۆچکردوو، نەمر عوسمان ڕەحیمی ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێ‌کرد. پاشان دەستووری کاری لە پێشدا ئامادەکراوی کۆبوونەوە کەوتە بەر باس‌و دوای پێوەزیاد کردنی یەك دوو باسی پێویست، پەسەند کرا.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە سەرەتادا گوێی بۆ ڕاپۆرتێك ڕاگرت کە هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە بارەی سەفەری ئەم دواییانەی خۆی بۆ ئورووپا و دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ کومیتەکانی حیزب‌و نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی‌و ئێرانی‌یەکان پێشکێشی کرد. هەر لە درێژەی ئەم ڕاپۆرتەدا ڕوانینی وڵاتانی جیهان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و ئەگەری زیاتربوونی گوشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر ئەو ڕێژیمە، شی کرایەوە. لەم ڕاپۆرتەدا گرنگی‌یەکی تایبەتی بە پێویستیی لێك نزیکبوونەوەو یەکگرتن لە نێوان هێزو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێران دا درابوو. هەڕەشەی هێرشی سوپایی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و ئاکام‌و شوێنەوارەکانی هێرشێکی ئیحتیمالیی ئەوتۆو ئەرکی لایەنە کوردستانییەکان‌و یەك لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە، تەوەرێکی دیکەی باسەکانی یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوە بوو. بەشدارانی کۆبوونەوە لە دوو دانیشتن دا، بە هێنانە گۆڕی بۆچوون‌و پێشنیاری خۆیان ڕاپۆرتی پێشکێش کراویان دەوڵەمەند کردو لە بارەی هەر کام لە پرسەکانەوە ڕاسپێری‌و ڕێنوێنیی پێویستیان دا بە دەفتەری سیاسی.

٢

## ناڕەزایەتیی بەرینی کوردان دژی هەڕەشەی هێرشی سوپای تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق

دوا بەدوای ئەوەی کە پارلمانی تورکیە مۆڵەتی بە سوپای ئەو وڵاتە دا هەر کاتێك بە پێویستی بزانێ بە بیانووی پەلاماردانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەشکرکێشی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان کوردان لە هەموو شوێنەکانی دنیا بەشێوەیەکی یەکگرتووانە ناڕەزایەتییان لە دژی تورکیە دەربڕی. لەم شەپۆلی ناڕەزایەتییەدا جەماوەری کورد چ لە هەرێمی کوردستان چ لە وڵاتانی دیکەی جیهان بە وەڕێ خستنی خۆپیشاندان، پێك هێنانی کۆڕو کۆبوونەوە هەڵوێستی کوردانەو یەکگرتووانەی خۆیان لە بەرامبەر هەر چەشنە هەڕەشەیەك لە دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان نیشان دا. جێگای ئاماژەیە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش (ڕۆژهەلات‌و ڕۆژئاوایش) جەماوەری خەڵکی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتییان بەرامبەر ئەو بڕیارە شەڕفرۆشانەیەی پارلمانی تورکیە دەربڕیوەو هاوپێوەندیی نەتەوەیی خۆیان نیشان داوەتەوە. بڕوانە ڕاپۆرتێك لە لاپەڕی ٣دا.



وێنەی خۆپیشاندانی کوردان بە دژی هەڕەشەی هێرشی سوپای تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ـ ستۆکهولم

## هەولێر: بەرێوەچوونی سیمینارێك لەژێر ناوی "پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌و پرسی ئاسایشی نەتەوەیی"



لە ڕۆژانی ٦ تا ٩ی خەزەڵوەر ( ٢٨ تا ٣٠ی ئۆکتۆبر) سیمینارێك لە بنکەی ڕۆشنبیریی کاوە لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان لە ژێر ناوی "پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌و پرسی ئاسایشی نەتەوەیی"دا پێك هات. لەو سیمینارە سێ ڕۆژی‌یەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆران‌و خاوەنڕایانی سیاسی‌و ئاسایشی نەتەوەیی کورد باس‌و بابەتیان پێشکش کرد.

ل ٤

## نێچرڤان بارزانی: پێویستە تورکیە وەك دراوسێیەك وتووێژمان لەگەڵ بکا

نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێك دا کە ڕۆژی دووشەممە ٥ی نوامبر لە ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆستی ئەمریکا دا بڵاوی کردۆتەوە وێرای پێشوازی لەو دیدارەی لە نێوان سەرۆکی ئەمریکاو سەرۆك وەزیرانی تورکیە لە واشینگتۆن بە مەبەستی تاوتوێ کردنی کێشەکانی پ.ك.ك‌و تورکیا پێك هاتوە دیپلۆماسیی بە تەنیا ڕێگچارەی کێشەکە داناوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لەو وتارەدا هەروەها ئامادەیی حکوومەتەکەی بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی درێژخایەن بۆ کێشەکە دەربڕیوەو پێشنیاری کردوە بۆ ئەو مەبەستە لە نێوان ئانکاراو بەغداو هەولێرو واشینگتۆن دا وتووێژ بکرێ. ناوبراو وێرای ڕەتکردنەوەی زمانی توندوتیژی گوتوویەتی: "وڵامدانەوەی سەربازی جگە لە ئاڵۆزکردنی کێشەکە، ئامانجێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە"

سەرچاوە: K tv

## لێبوردنی نێونەتەوەیی: چالاکانی مافی مرۆڤی کورد لەگەڵ مەترسیی دەستبەسەر کران بەرەو ڕوون

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە بەیاننامەیەکدا ناڕەزایەتیی خۆی لە شێوەی ڕاگرتن‌و هەڵسوکەوت لەگەڵ محەممە سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەربڕی. لەم بەیاننامەیەدا سەبارەت بەو فشارانەی بۆ دەستبەسەر کردنی ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە گۆڕێ دان پەرۆشیی خۆی دەربڕیوە. لە بەیاننامەی لێبووردنی نێونەتەوەیی‌دا هاتوە کەبوودوەند بە تۆمەتی " هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی، شێواندنی بیرورِای گشتی‌و هاوکاری لەگەڵ گرووپە دژبەرەکان" دەستبەسەر کراوەو سەبارەت بەو بارودۆخەی لە زیندان دا تێیدایە ناڕەزایەتیی دەربڕیوەو گوتوویەتی بە چاوو دەست‌و پێی بەستراوەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ‌و ڕێگا نادرێ



پارێزەرەکەی ببینێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە کەبوودوەند سەرەڕای ئەوەی لە بارێکی جەستەیی خراپ دایەو تەنانەت بۆچوونە ئاودەستیش دەبێ بە نامە ئیزن لە زیندانوانان وەربگرێ. محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە خاکەلێوەی ١٣٨٤ دا ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراندو هەر لە سەرەتاوە بەرپرسیایەتیی ئەوی بەستۆوە بووەو نەی‌توانیوە لە دەوڵەت مۆڵەتی چالاکی وەرگرێ. ئەو لە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕەوە دەستبەسەرەو لە زیندانی ئێوین دا بەند کراوە.




هەواڵەکانی ناوخۆو دەرەوەی وڵات ٣



تورکیەو ئەمریکاو، بڕیارێکی دژوار ٥



لە هەرەسهێنانی پرۆژەی ڕێژیمی ئیسلامییەوە تا پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی ٨



سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩



قەیران و ئامادەیی دوو ئەگەر ١٠



هەڵاواردنی ڕەگەزی لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران دا ١١

درێژەی

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی
# حیزبی دێموکراتی کوردستان
# بە بۆنەی پێکهاتنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییەوە

برگەیەکی دیکەی دەستووری کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، پێشکەش کردنی راپۆرتێك بوو لە لایەن هاوڕێ حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە. ئەم راپۆرتە لە بارەی هەلومەرجی گشتیی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و خەبات‌و تێکۆشانی سیاسی دژی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە بوو. راپۆرتەکە وێڕای ئاماژە کردن بە زۆرتربوونی سەرکوت‌و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی‌و پەلاماری پەیتا پەیتای بۆ سەر رۆژنامەنووسان، چالاکانی سیاسی‌و تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ‌و کەسایەتییە فەرهەنگی‌و رووناکبیرییەکان، باسی پەرەگرتنی بەربەرەکانی بە دژی ستەم‌و بێدادی، بەرەوژوورچوونی ئاستی خەباتی نەتەوەیی‌و قووڵتربوونەوەی نەفرەت‌و بێزاری لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کردبوو. لە راپۆرتی کومیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنی‌دا، بایەخێکی تایبەتی بە تێکۆشانی نەتەوەیی‌و ئازادیخوازانەی رووناکبیران، خوێندکاران‌و ناوەندە کولتوورییەکانی کوردەکان لە کوردستان‌و بەشەکانی دیکەی ئێران درابوو. راپۆرتی ناوبراو ئاماژەی بە کۆمەڵێك دیاردەش کردبوو کە لە سێبەری دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا لە کوردستان پەرەیان گرتوە کە لە سەرووی هەموانەوە ئێعتیاد بە مادە بێهۆشکەرەکانە کە رۆژ بە رۆژ زیاتر هەڕەشە لە سلامەتیی لاوان‌و مێرمندالانی کوردستان دەکا.

راپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنی، هەروەها چەندو چۆنی نفووزو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان‌و هەڵسەنگاندنێك لە چالاکیی جۆراوجۆری ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و بە تایبەتی کاریگەریی رۆڵی حوزوورو پێوەندیی راستەوخۆی کادرە تەشکیلاتی‌یەکان لە نێو ئەندامان لە سەر بەرەوپێشبردنی کاری تەشکیلاتی‌و خەباتگێڕانە لە کوردستانی لەخۆ گرتبوو. هەر لەم بەشەدا، راپۆرت ئاوڕێکی لە چالاکی‌و تێکۆشانی رێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە، بە تایبەتی گرووپە ئیسلامی‌یەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابۆوە. راپۆرت ویست‌و چاوەڕوانی‌یەکانی ئەندامانی حیزب بە تایبەتی‌و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی لە حیزبی ئێمەو حیزب‌و رێکخراوەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی کوردستانی ئاماژە پێ‌کرد بوو کە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکگرتنێك لە نێوان ئەو رێکخراوانەدا یەك لەوان بوو.

پێشوازیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدەست بەکار بوونی کاناڵی کوردو پێشنیارو چاوەڕوانییەکانیان لەو تەلەویزیونە، بەشێکی دیکە لە راپۆرتی کۆمیسیونی ناوبراوی پێك هێنابوو. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە درێژەی کارەکانی خۆی‌دا، گوێی بۆ راپۆرتی کۆمیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی ١٤ی حیزب راگرت. کە لەلایەن هاوڕێ مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یەوە پێشکەش کرا. لەو پێوەندییەدا راپۆرت ئاماژەیەکی گشتیی بەو کارانە کرد بوو کە لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات لە پێوەندی لەگەڵ کۆنگرەی ١٤دا کراون. کۆمەڵێك لەو کارانەشی ناوبرد بوو کە دەبێ لە ئێستاوە تا دەگەینە کۆنگرە، ئەنجام بدرێن. لە چوارچێوەی ئەو باسەدا، هەم کەم‌و کووری‌و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کاروباری ئەنجامدراو کەوتنە بەرباس، هەم راسپاردەو رێنوێنیی پێویست بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی داهاتوو دەست نیشان کران تا کۆنگرەی داهاتوو چ لە باری نێوەرۆکەوەو چ لە باری چۆنیەتیی پێکهاتنیەوە، وەڵامدەری ئەو چاوەڕوانییانە بێ کە خوازیارانی گۆڕان‌و نوێبوونەوە لە نێوخۆو دەرەوەی حیزب دا هەیانە.

لە کۆبوونەوەی ئەمجارەی کۆمیتەی ناوەندی‌دا هێندێ خاڵی گرنگی گەڵاڵەی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتنە بەرباس. لە سەرەتای کاردا هاوڕێی بەڕێز جەلیل گادانی بەرپرسی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسی راپۆرتێکی لە بارەی چۆنیەتیی ئامادە کردنی گەڵاڵەی بەرنامەو پێرەوو ئەو خاڵە بنەڕەتییانەی دەبێ قسەیان لەسەر بکرێ، پێشکێش کرد. دواتر هەرکام لە پرسە بنچینەیی‌یەکان وەك دروشمی ستراتیژیك‌و ئامانجی دوا رۆژو هتد بە جیا باسیان لەسەر کرا. کومیتەی ناوەندی هەیئەتی نووسینەوەی گەڵاڵەی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی راسپارد لەبەر رووناکایی بڕیارو راسپاردەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا چاو بە گەڵاڵەکەدا بخشێنێتەوەو ماوەیەکی بۆ ئەو هەیئەتە دیاری کرد تا گەڵاڵەی ناوبراو بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندی‌و خستنە بەرچاوی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب، ئامادە بکەن.

هێنانە بەرباسی گەڵاڵەی تەرکیب‌و چۆنیەتیی هەڵبژاردنی رێبەریی داهاتووی حیزب یەکێکی دیکە لە کارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لەم بەشەی کاری پلینۆم دا هاوڕێ قادر وریا ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسی، بە نوێنەرایەتی لەلایەن هەیئەتی دیاریکراوی کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە، گەڵاڵەیەکی خستە بەرچاوی بەشدارانی کۆبوونەوە کە بە سەرنجدان بە کۆمەڵێك فاکتەری وەك بوارەکانی تێکۆشانی ئێستای حیزب، شایستە سالاری، بایەخدان بە حوزووری ژنان‌و لاوان لە بەرێوەبەریی حیزب داو بە مەبەستی ئامادە کردنی حیزب بۆ دەورەیەکی نوێ لە خەبات‌و تێکۆشان ئامادە کرا بوو. هاورێیان لە بەشدارییەکی چالاکانەدا، سەرنج‌و تێبینی‌و رەخنەو پێشنیاری خۆیان لە بارەی ئەو گەڵاڵەیەوە هێنایە گۆڕێ‌و کەم‌و کورتی‌یەکانیان دەست نیشان کرد. کۆمیتەی ناوەندی هەیئەتی ئامادە کردنی گەڵاڵەی هەڵبژاردنی رێبەریی راسپارد بۆ وەبەر چاوگرتنی نەزەری کۆمیتەی ناوەندی بە گەڵاڵەکەی‌دا بچێتەوەو بۆ بڕیار لەسەردان بیداتەوە بە کۆبوونەوەی داهاتووی رێبەریی حیزب.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە درێژەی کارەکانی‌دا گوێی بۆ راپۆرتێك راگرت کە هاوڕێ خالید عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب لە بارەی تێکۆشانی کۆمیتەی دەرەوەی کوردستان‌و پێوەندی‌یەکانی حیزب لەگەڵ حیزب‌و رێکخراوە کوردستانی‌و ئێرانی‌و بیانیەکان پێشکێشی کرد. کاك خالید وێڕای ئاماژە بەو راستی‌یە کە هەموو دۆستانی حیزبی دیموکرات لە لەتبوونی ئەم حیزبە بەداخ بوون، روونی کردەوە کە ئەوان لەسەر درێژەدانی پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوامن. وەبیریشی هێنایەوە کە بەخۆداچوونەوەی حیزبی دیموکرات‌و هەڵوێستەکان‌و تێکۆشان‌و هەڵسوکەوتی حیزب لە ماوەی کەمتر لە یەك ساڵی رابردوودا، سەرنجی کوردەکانی دەرەوەی وڵاتی راکێشاوەو بووە بە مایەی هیواداری. بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب کۆمەڵێك پێشنیاریشی هێنایە گۆڕێ کە رەچاوکردن‌و جێبەجیکردنیان یارمەتی بە باشتر بوونی کارو تێکۆشانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان‌و بەرینترو بەرەوژوورچوونی پێوەندییە سیاسی‌یەکان دەدەن.

دوایین برگەی دەستووری کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، هێنانە بەرباسی چۆنیەتیی باس لە سیاسەت‌و هەڵویست‌و روانگەکانی حیزب لە دەرەوەی حیزب لە لایەن هەموو تاك‌و گرووپەکانی نێو ئەم حیزبەوە بوو. لەم بەشەی کاری کۆبوونەوەدا، کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بەرەسمی ناسینی بیروڕای جیاوازو مافەکانی تاك‌و گرووپ لە نێو حیزب دا پێی داگرتەوەو شانازیی بەو فەزایەوە کرد کە لە باری مەیداندان بە بیروڕای جیاواز لە نێو حیزبی دیموکرات دا هەیە. هەر لەو کاتەدا ئەرکی هەر تاك‌و گرووپێکی نێوحیزب بەرامبەر بە حیزبەکەی لە دەرەوەی حیزب بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی باسکردنی سیاسەت‌و هەڵوێست‌و روانگەکانی حیزب دا وەبیرهێنایەوە ..

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پاش چەندین دانیشتن‌و باس‌و بیروڕا گۆڕینەوەی زیندوو و بەکەڵك لە بارەی هەرکام لە ئەرکە دیاریکراوەکانی‌و پەسندکردنی کۆمەڵێك راپۆرت‌و بڕیاری گرنگ، دوانیوەرۆی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ ( ١ی نوامبری ٢٠٠٧) کۆتایی پێ‌هات.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٢ی خەزەڵوەری ١٣٨٦**

## دامەزرانی " کۆمەڵگەی یەکگرتووی کوردەکانی ئێران" لە بریتانیا

بە مەبەستی دروست کردنی چەترێك بۆ هاوکاریی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان‌و چالاکڤانانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان (لە بریتانیا) رۆژی ٣ی نوامبر دامەزرانی رێکخراوێك بە ناوی " کۆمەڵگەی یەکگرتووی کوردەکانی ئێران ــ بریتانیا" راگەیەنرا. لە بەشێك لە راگەیەنراوی دامەزرانی ئەو رێکخراوەیەدا باس لە بۆشایی هاوکاری‌و هاوخەباتیی پارت‌و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کراوەو دامەزرانی رێکخراوەکەش بە هەنگاوێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە قەڵەم دراوە، داواش لە هەموو چالاکڤانان‌و لایەنەکانی رۆژهەڵات کراوەو هاوکارو هاوخەباتیان بن. ناوی ئەو رێکخراوو لایەنانەی ئەم رێکخراوەیان دامەزراندوە بریتین لە:

١ــ ئەنجومەنی فەرهەنگی‌و مەدەنیی کوردەکانی خوراسان
٢ـ پارتی ئازادیی کوردستان
٣ـ پارتی سەربەخۆیی کوردستان
٤ـ پارتی سەربەستیی کوردستان
٥ــ پلاتفورمی نەتەوەیی بۆ رۆژهەڵاتی‌کوردستان
٦ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان
٧ــ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٨ــ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
٩ـ یەکیەتیی لاوانی کۆمەڵە
١٠ـ پرۆژەی ژنی کورد
١١ــ رێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ
١٢ــ کۆمەڵێك سیاسەتوان‌و رووناکبیری سەربەخۆ

## دامەزرانی مافی مرۆڤی کورد ـ ژنان‌و مندالان لە بێلژیك

ماوەیەك لەمەوبەر ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی کوردی بواری مافی مرۆڤ لە بێلژیك دامەزرانی رێکخراوێکیان راگەیاند کە ئامانجەکە بریتیە لە داکۆکی‌و پارێزگاری لە مافی ژنان‌و مندالان. لە بەشێکی راگەیەنراوی دامەزرانی رێکخراوی "مافی مرۆڤی کورد ـ ژنان‌و مندالان"دا هاتوە ئەم رێکخراوە بەو هیوایەیە کە بتوانێ لە شوێنێکی گرنگی وەك برۆکسێل بە هۆی بوونی پارلمانی ئورووپاو کۆمیسیۆنی یەکیەتیی ئورووپا بەرەو ناساندنی گرفت‌و کێشەکانی بەردەم مرۆڤی کورد بە گشتی‌و بارودۆخی نالەبارو پڕ لە ژان‌و ستەمی ژنان‌و منالانی کورد لە کوردستان بە تایبەتی دەست بە چالاکی‌و تێکۆشانی خۆی بکات..."

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب

**مەریوان:**

ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنیو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاوایی سوورە تووی سەر بە ناوچەی مەریوان چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە بردووەو لە مزگەوت، نەخۆشخانەو چەندین شوێنی دیکەی ئەو ئاواییە دروشمی حیزبیان نووسیوە.

**سەردەشت:**

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چالاکییەکی بەرینی تەبلیغاتیدا تراکتو بڵاوکراوەو دروشمەکانی حیزبو هەروەها بەیاننامەیەکیان لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی جاش سازی بڵاوکردەوە.

ئەو شوێنانەی ئەم چالاکییانەیان لێئەنجام دراوە بریتییە لە: زۆربەی گەڕەکو شەقامو شوێنە گشتییەکانی شاری سەردەشت، زۆربەی شوێنە گشتییەکانو شەقامەکانی شارۆچکەی ڕەبەت، ئاواییەکانی مامەزینە، بناو، گۆرانگان، شینوێو بێزیلێ.

**پیرانشار:**

### کاسبکارێکی دیکە بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

ڕێکەوتی ٥ی خەزەڵوەر، لە سنووری حاجی ئۆمەران هێزەکانی ڕێژیم تەقەیان لە کاسبکاران کردو لە ئاکام دا کەسێك بەناوی لوقمان حاجی سەند کوڕی کەماڵ ناسراو بە کەماڵی مام باپیری گیانی لە دەست دا.

**مەریوان:**

### تێرۆری هۆشیار مەردوخی لە بەر دەرگای نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

ڕێکەوتی ٦ی خەزەڵوەر لە بەردەم دەفتەری نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری مەریوان، هوشیار مەردوخی کوڕی مەلا شێخ عوسمان مەردوخی (دوکتوری دەروونناس) هاووڵاتیی باشووری کوردستان کە پەنابەری وڵاتی ئاڵمانە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کەوتە بەر دەسترێژو گیانی لە دەست دا.

**سنە:**

### بنەماڵەی خوێندکاری دەسبەسەر کراوی کورد، حەبیبوڵلا لەتیفی پەرۆشی چارەنووسی کوڕەکەیانن

بە داوی ئەوەی حەبیبوڵلا لەتیفی خوێندکاری زانکۆی ئازادی ئیلام ڕۆژی سێشەممە ١٣٨٦/٨/١ لە شاری سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دەسبەسەر کرا، بنەماڵەی ناوبراو نیگەرانی وەزعی کوڕەکەیانو تا ئێستا نازانن لە چ دۆخێك دایە. ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ حەبیبوڵلا لەتیفی ناڕوونو ناوبراوتا ئێستا نەدراوەتە دادگا.

بەپێی زانیارییەکان ناوبراو تەندروستییەکی باشی نیەو لە نەخۆشیی برۆنشیتو گورچیلە ئازاردەچێژێ.

### پێکهێنانی هێزێکی نوێی سەرکوت بۆ ئازارو ئەزێتی هاووڵاتیان

ماوەی دوو حەوتوو دەبێ هێزێکی نوێ کە هاوتای هێزی ئینتیزامییە لە شاری سنە دەستیان کردوە بە ئازارو ئەزێتی هاووڵاتیانو بەتایبەت گرتنی لاوان بە بیانووی قژی زۆر، بەکارهێنانی ئەلکول، مادە سڕکەرەکانو بە شێوازێکی ناشارستانیانە ڕاپێچی گرتووخانەکانیان دەکەن. ئەوە لە حاڵێك دایە ئەو کەسانەی لە گۆڕەپانەکانی ئازادی، نبوت، بازارچەی فیردوسیو چەند شوێنێکی دیکە خەریکی ساتو سەودا بە مادە سڕکەرەکانن‌و ڕێژیمیش ڕێگایان لێناگرێ.

**کامیاران:**

### کوژرانی هاووڵاتییەك بە دەستی هێزی ئینتیزامی

ڕۆژی هەینی ٤ی خەزەڵوەر، کەسێك بەناوی ئەکبەر نەدیمی خەڵکی گوندی کەشتەر سەر بە شاری کامیاران لەلایەن هێزەکانی ئینتیزامیی ڕێژیمەوە کوژرا. هێزەکانی ئینتیزامی بە مەبەستی لە داوخستنی کاسبکاران لە سەر ڕێگای گوندی کشتەر کەمینیان دانابوو دوای ئەوەی نەیانتوانیبوو لە داویان بخەن تەقە لە ماشێنی هەڵگری ئەکبەر نەدیمی دەکەنو لە ئاکام دا ناوبراو دەکوژن.

پێویستە بگوترێ خەڵکی گوندی کەشتەر لەو کردەوەیەی هێزی ئینتیزامی توورە بوونو هێرشیان کردە سەر هێزەکانو ناچاریان کردن ناوچەکە بەجێ بێڵن.

**سەقز:**

### دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییەکی کورد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە

ڕۆژی سێشەممە ٨٦/٨/٩ هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم ڕژانە ماڵی هاووڵاتییەکی سەقزی بەناوی ئارەش عەبدەڵلازادەو قۆڵبەستیان کردو ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان کردوە.

پێویستە بگوترێ ناوبراو حوکمی ٣ ساڵ حەبسی تەعزیری هەیە.

**تاران:**

### دوو خوێندکاری کوردی زانکۆی تاران لە بەندیخانەی ئێڤین دان

دوو خوێندکاری کوردی زانکۆی تاران بە ناوەکانی سەباح نەسری خەڵکی دێوڵانو هیدایەت غەزالی خەڵکی بانە کە ڕێکەوتی ٨٦/٤/٢٠ بە تاوانی پێوەندیو هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دەسبەسەر کرابوون ئێستا لە بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی ئێڤین دا زیندانین.

شایانی باسە ئیزنی چاوپێکەوتن بە بنەماڵەکانیان نەدراوەو تەنانەت دوکتور جەوانمەردی کە پارێزەریانە نەیتوانیوە بیانبینێ.

**سنە:**

### دەستبەسەر کرانی باوکی فەردین سادقی

ڕێکەوتی ١١ی خەزەڵوەر، هێزەکانی ئاگاهی ڕێژیم هەڵیانکوتایە سەر ماڵی شەهید فەردین سادقیو عارف سادقی باوکیو "عەبدوڵلا سادقی" برا گەورەکەیان دەستبەسەر کردووەو تا ئێستاش هیچ هەواڵێك لە چارەنووسیان لەدەست دا نیە.

**شنۆ:**

### کۆچی دوایی نیشتمانپەروەرێکی کورد

ڕێکەوتی ١٣٨٦/٨/٩ کاك "ڕەحمان دەربەندی" خەڵکی شنۆ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاك ڕەحمان پیاوێکی نیشتمانپەروەرو حیزب دۆستو هاوکارێکی باشو جێگای متمانەی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بوو. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری خوالێخۆشبوو و خەڵکی شنۆ دەکەین.

**مەهاباد:**

### کۆچی دوایی دایکێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر

ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەر خاتوو زێنەب نەبوی تەپە خەڵکی ئاوایی "لەجێ"ی ناوچەی شارویران دایکی هاوڕێی پێشمەرگە محەممەد عەزیزیان بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هاوڕێی پێشمەرگە محەممەد عەزیزیو بنەماڵەکەی دەکەین.

**بۆکان:**

### کۆچی دوایی دڵسۆزێکی حیزب

ڕۆژی ١٣٨٦/٨/٣ دڵسۆزێکی حیزب بەناوی مەحموود مەجیدزادە خەڵکی گامێشگۆلیی بۆکان بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. ناوبراو وەك لایەنگری حیزب کاری دەکردو زۆر جار لە سەر ڕێبازی حیزبو کوردایەتی زیندانی کراوە. هەروەها برایەکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو کە لە شەر لەگەڵ هێزەکانی داگیر کەر لە دەست داو ئێستا وەك کەم ئەندام لە دەرەوەی وڵات دەژی.

سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەیو خەڵکی گامێشگۆلی دەکەین.

### خۆپێشاندانی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی سوئێد لە دژی بڕیاری پارلمانی تورکیە بۆ هێرشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان

لە سەر بڕیارو بانگهێشتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانو ئینسیاتیڤی کوردو کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردو کوردستانی لە وڵاتی سۆئێد، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ بە هەزاران کوردی دانیشتووی وڵاتی سۆئێد بۆ مەحکووم کردنی بڕیاری پارلمانی تورکیە لە مەڕ هێرش کردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان لە گۆڕەپانی سەرگلس تۆری شاری ستۆکهۆڵم کۆبوونەوە.

ئاپۆرای خەڵك لە گۆڕەپانی سەرگلس تۆریدا تا ڕادەیەك لە چاو چەند ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بوو، دەیان ئاڵای ٣ ڕەنگی کورد بە دەست کوڕو کچو پیرو لاو و ژنو پیاوی کوردی بەشدار بوو لەم خۆپێشاندانەدا لە شوێنی ئەم خۆپێشاندانە گەورەیەدا دەشەکانەوە.

یەکگرتوویی کوردەکانی دانیشتووی سۆئێد لەم ڕۆژەدا گڕو تینی زیاتری بە هەموو بەشدار بووان بەخشی بوو، هەزاران کەس لە کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەبێ جیاوزی لەم ڕۆژەدا بە دژی بڕیاری ناعادڵانەی پارلمانی تورکیە لە هەوایەکی ساردی پاییزی شاری ستۆکهۆڵم دا یەك دەنگو یەکگرتوو دروشمەکانی دژ بە بڕیاری پارلمانی تورکیەیان دەگوتەوەو ئاشتیخوازیی گەلی کوردیان بە گوێی کاربەدەستانی سوئێدیو ڕێبوارانی گۆڕەپانی سەرگلس تۆریو شەقامەکانی دەوروبەر دەگەیاند، دەیان دروشمی جۆراوجۆر بە دەست خۆپێشاندەرانەوە بەرز کرابوونەوە، چەندین بەیاننامەو نووسراوەی پڕ نێوەرۆكو جوان لەلایەن چەند کەسایەتییەکی کوردو سوئێدی بەدژی شەڕخوازانی تورکیە بە زمانی سوئێدیو کوردی خوێندرانەوەو لە هەمان کاتدا داوایان لە ڕای گشتی دەکرد کە لەو پەیوەندییەدا دژ بە بڕیاری سەرەڕۆیانەی تورکیە ڕاوەستنو لە ئاست ئەم هەڵوێستە ناڕەوایەی تورکیەدا بێ هەڵوێست نەبن.

هەر لە درێژەی ئەم خۆپێشاندانەدا چەندین کەس لە هونەرمەندانی دەنگخۆشی کورد سروودو گۆرانیی شۆڕشگێریان پێشکەش کردو هەوای ساردی ئەم گۆڕەپانەیان گەرمو گوڕتر کرد. خۆپێشاندانەکە کاتژمێر ١ دەستی پێکردو کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

شایانی باسە کە بەشێکی بەرچاوو زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی دوورو نزیکی ستۆکهۆڵم را بۆ پشتگیری لە ئەزموونو کەیانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دژ بە بڕیاری هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان بەشداری ئەم خۆپێشاندانە بەرینەیان کردو دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان خستە پاڵ دەنگی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی سوئێدو ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانی خۆیان لەم ڕۆژەدا وەك پێوست بەڕێوەبرد.

پێویستە بکوترێ ڕۆژی پێشتریش بە سەدان کوردی دانیشتووی سوئید لە شاری ستۆکهۆڵم لە بەردەم باڵوێزخانەی تورکیە خۆپێشاندانێکی لەم چەشنەیان بەڕێوە برد. لەم خۆپێشاندانەدا ٦ پارتو ڕێکخراوی کوردی بەشدار بوون کە وتارێکی هاوبەشیان پێشکێش کرد کە لەلایەن کاك حەمەدەمین ڕەشیدییەوە خوێندرایەوە. ئەو ٦ لایەنە بریتی بوون لە:

کۆنسەی کورد لە سوئید، حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوەندی چاك ـ سوئید، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاك)، پارتی چارەسەری دێموکراتی کوردستان (پچدك)، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئورووپا.

# هەواڵەکانی دەرەوەی وڵات

### خۆپێشاندانی کوردان بۆ مەحکووم کردنی هێرشی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستان

ڕۆژی ٢٩/١٠/٢٠٠٧ خۆپێشاندانێك لەلایەن کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس، بۆ شەرمەزارکردنی ئەگەری هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستان لە شاری بێرن ڕێکخرا. ئەو خۆپێشاندانە کە زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەشدارییان تێدا کردبوو، بەشداربووان بە دانی دروشم ناڕەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە ئەگەری هێرشی تورکیە بۆ سەر خاکی کوردستان دەربڕیو لە هەمان کاتدا داوایان لە حکوومەتی ئامریکا کرد کە ڕێگە نەدا حکوومەتی تورکیە بە بیانووی هەبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان سەروەریی خاکی کوردستان پێشێل بکاو ئەزموونی ئەو بەشەی کوردستان لەنێو بەرێ.

شایانی باسە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو خۆپێشاندانەدا بەشداریی چالاکانەیان هەبوو.

**فینلاند**



### کۆبوونەوەی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان

ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٧/١٠/٢٢ کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە فینلاند، بە مەبەستی تاوتوێکردنی هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانو ئەرکەکانی بەردەم کومیتە لە شاری هێلسینکی کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە کاك تاهیر قاسمی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکرد باس لە بڕیاری پارلمانی تورکیە لەمەڕ دەرکردنی ئیزنی هێرش سپای ئەو وڵاتە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کرا. تێکڕای لایەنەکان هەڕەشەو هێرشەکانی دەوڵەتو پارلمانو سپای تورکیایان بۆ سەر باشووری کوردستان مەحکووم کردو سەرجەم لە سەر ئەوە کۆك بوون کە کوردستانیانی فینلاند، بە هەموو پێکهاتەکانەوە پێویستە خۆیان بۆ خۆپێشاندانێکی هەمەلایەنە ئامادە بکەن تا یەکدەنگو یەکگرتوو دەنگی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە گوێی کۆڕو کۆمەڵە فینلاندیەکان بگەیەنن.

### کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیو ڕێکخراوە کوردستانییەکانی کوردو کوردستانی لە پارێزگای ئۆبەرۆستەرایش وڵاتی ئوتریش

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠٠٧/١٠/٢٢ کۆبوونەوەیەکی فراوان لە شاری لینتس لە وڵاتی ئوتریش بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی ڕێکخراوەکانو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی سەبارەت بە بڕیارە ناڕەواکەی پارلمانی تورکیە بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق بەسترا. لەوکۆبوونەوەیەدادا ئەو بڕیارەی پارلمانی تورکیە بەتوندی مەحکووم کراو داوای چارەسەری ئاشتیانەو بەکارهێنانی زمانی دیالۆگ کرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری سازکردنی ڕێپێوانێکی هێمنانە درا .

بەشدار بوانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە نوێنەرانی ئەم پارتو ڕێکخراوانە:

پارتی دێموکراتی کوردستان /عێراق
یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستان
الحزب الدیمقراگی التقدمی الکوردی فی سوریا
حزب الاتحاد الشعبی الکوردی/ الپارتی
حزب یکیتی الکوردی فی سوریا
حزب الوحدەالدیمقوراگی الکوردی فی سوریا
kurdische （NEWROZ) kulturverein OO
Kewa – des Osterreichisch-kurdischen kulturverein
Kurdische Exilgemeinde
Kurdische kuhlturverein – Leonding
Verein der kurdin aus Syrian in Osterreich
Mesopotamya Anadolu kulturverein
Asko kurdischer sport verein
Kurdische Osterreicher
Freundschaft verein in Osterreich

### کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش سەردانی کۆمەڵەی کوردستانی (کۆمکار)ی کرد



هەیئەتێکی کومیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە کاك خدری هەمزەنژاد بەرپرسی کومیتەو کاك محەممەدی فەقێ عەلی بەشی ڕاگەیاندنو کاك

کورش حاجی عەزیزی هاوکاری بەشی پەیوەندییەکانی کومیتە ڕۆژی شەممە ٢٠٠٧/١٠/٢٧ سەردانی کۆمەڵەی کوردستانی (کۆمکار)یان لە شاری وییەن کرد. هەیئەتی حیزب لەلایەن بەڕێزان عەلی کارایال بەرپرسی کۆمکارو کاك مەتین جان بەشی پەیوەندییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە وڵاتی ئوتریش پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا هەر دوولایەن بە دوورو درێژی لە سەر مەسەلەی کورد هاوکاریی هێزە سیاسییەکانو چالاك کردنی ڕێکخراوەو هێزە کوردییەکان لە وڵاتی ئوتریشو هەوڵ دان بۆ پلاتفۆرمێکی نەتەوەییو چەند بابەتی پێوەندیدار هاتنە بەرباسو لێدوان. لەشکرکێشیی ئەم دوایانەی تورکیەو تۆپباران کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن دوو ڕێژیمی دژی گەلیی تورکیەو ئێران بەشێکی دیکەی باسەکانی ئەم دانیشتنە بوون.

# سیمیناری "پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌و پرسی ئاسایشی نەتەوەیی"

له رۆژانی ٦ تا ٩ی خەزەڵوەر ( ٢ تا ٣٠ی ئۆکتۆبر) سیمینارێك له بنکەی رۆشنبیریی کاوه له هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان لە ژێر ناوی "پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌و پرسی ئاسایشی نەتەوەیی"دا پێك هات. لەو سیمیناره سێ رۆژی‌یەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆران‌و خاوەنڕایانی سیاسی‌و ئاسایشی نەتەوەیی کورد باس‌و بابەتیان پێشکش کرد، پرۆفیسۆر سەعدی بەرزنجی ئەندامی پارلمانی عێراق سەر بە لیستی کوردستانی، نەجمەدین





ئاڵتی بەرماخ، ئەندامی پارلمانی کوردستان‌و سەرۆکی کۆتلەی تورکمانی، د. محەممەد بازیانی لێکۆلەری کاروباری سیاسی، خوسرەو جاف ئەدیب‌و رۆماننووسی کورد، تەحسین قادر، وەزیری نەوت‌و سەرچاوە ئاوی‌یەکان، سەرۆ قادر بەرپرسی‌دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لەو کەسایەتی‌و کاری ئەم سیمینارەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، جەلیل گادانی، حوسێن مەدەنی

بەرپرسە حکوومەتی‌و ئیداریانە بوون کە بابەتیان پێشکێش کرد. تەوەرەی سەرەکیی باسەکان پێوەندی‌یان بە هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە بوو. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە رۆژانی

ئەندامانی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزب، خالید عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌و بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزب، محەممەد کەسرایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، خالید وەنەوشە بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە شاری هەولێر. پێویستە بگوترێ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باس‌و مناقشەکانی ئەم سیمینارەدا حوزوورێکی بەرچاوی هەبوو.

سیمیناری " پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌و پرسی ئاسایشی نەتەوەیی" دوای سێ رۆژ باس‌و لێکۆڵینەوەو مناقشە لە بەیانێك دا کە چەند تەوەری سەرەکیی لەخۆگرتبوو، کۆتایی کارەکانی خۆی راگەیاند کە ئەمەی خوارەوە دەقی بەیانی کۆتایی سیمینارەکەیە.

# بەیانی کۆتایی کارەکانی ئەڵقەی لێکۆڵینەوە کە بنکەی رۆشنبیریی کاوە لە هەولێری پایتەخت رێکی‌خستبوو

بەناونیشانی ((پاراستنی ئەزموونی کوردستانی عێراق‌و ئاسایشی نەتەوەیی)) بنکەی رۆشنبیری کاوە لە رۆژانی ٢٠٠٧/١٠/٣١/٢٨ لە سەنتەری رۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین بە بەشداریی هەڵبژاردەیەك لە سیاسی‌و رۆشنبیرو ئەکادیمیەکان کە جۆرەها تەیارات‌و پێکهاتەی کوردستانی لە بەشە جیاجیاکان لە خۆ گرتبوو ئەڵقەیەکی لێکۆڵینەوەی ساز کرد. پاش کۆتایی هاتنی کارەکانی کە زیاتر لە شەست کەس لەوانەی بەباتیان پێشکەش کردبوو ئەوانەی گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکان کرد کە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوەش گرنگیی پێدرا خۆشحاڵین کە دەرنجامی ئەو گفتوگۆ فکری‌و رۆشنبیری‌و سیاسیە قووڵ‌و فراوانەی کە لەلایەن بەشدار بووانەوە خرانە روو پوختەکەی بۆ رای گشتی رابگەیەنین.

ــ پاراستنی ئەزموونی



دێموکراسیی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ بەشێکی بنەڕەتییە کە جیا ناکرێتەوە لە ئەرکی ئاسایشی نەتەوەیی.

ــ پتەوتر کردنی کۆڵەکەکانی ماڵی کورد لە ناوخۆوە لەگەڵ رێکخستنەوەی پەیوەندیە سیاسیە نەتەوەییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ستراتیژیەتێکی هاوبەش کە پێیدا خەبات‌و تێکۆشان پتەوتر بکرێت لە بەردەم

هەموو ئەو هەڕەشەو تەحدیاتانەی کە دێنە پێش‌و لەگەڵ بەدەستهێنانی ئاشتی‌و هێوری‌و چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد لە نێو وڵاتانی ناوچەکە لە سەر ئەساسی بەیەکەوە ژیان‌و مسۆگەر کردنی مافی رەوای کورد ئەویش لە رێگای گفتوگۆوە بۆ گەیشتن بە یەکەوە کارکردن لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دێموکراتیدا.

پیشتیوانی کردن لە هەڵوێست‌و هەنگاوەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و پەرلەمان‌و حکوومەت بە ئاراستەی پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێم‌و چارەسەری ئاشتیانە بۆ ئەو قەیرانەی کە ئێستا لە ئارا دایە.

ــ بانگهێشتی هێزو رێکخراوە سیاسییە کوردی‌یەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێت کە هەنگاوی زیاتر بهاوێژن بۆ پتر رەچاو کردنی بەرژەوەندی‌و پاراستنی تەجروبەی کوردستانی عێراق‌و داواش لە پەکەکە بکرێت واز لە هەموو ئەو کارانە بهێنێت کە دەبێتە مایەی زەرەر گەیاندن بە هەرێمی کوردستان‌و پەیدا کردنی هەنجەت بۆ دراوسێکانی کوردو یەکەمین هەنگاویش ئەوەیە کە دەبێ ئەوانە وەڵامی ئیرادەی سەرکردایەتیی سیاسیی شەرعی لە هەرێمی کوردستان بدەنەوە کە داوا دەکات واز لە توندو تیژی بهێنن‌و لەناو خاکی هەرێمەوە کاری سەربازی لە دژی‌و وڵاتانی دراوسێ ئەنجام نەدەن.

- پێویستە پتر هۆشیارو بەئاگار بین لە نەخشەو پیلانی ناحەزانی دراوسێ کە دوژمنایەتیی کوردو مافە رەواکەی دەکەن‌و هەوڵ دەدەن گەمارۆی ئابووری‌و مەرجە سیاسیەکانی خۆیان بسەپێنن.

- مافی رەوای گەلی کوردستانە کە بەرگری لە بوون‌و دەستکەوت‌و سەروەریی خاکەکەی بکات لە بەرامبەر هەر دەستێوەردانێکی عەسکەری یان هەڕەشەی سیاسی‌و ئابووری لە هەر لایەکەوە بێت. لە سەر حکوومەتی فیدراڵیشە کە بە ئەرکە نیشتمانیەکانی خۆی هەستێت بە هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ سەرۆکایەتی‌و حکوومەتی هەرێمدا.

- لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش بەرپرسایەتی یاسایی - سیاسی‌و بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقیی هێزە فرەرەگەزەکان‌و دۆستان‌و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیە کە پارێزگاری لە سەروەری‌و یەکپارچەیی عێراق‌و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ بکات کە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی رووخانی رێژیم‌و ئازاد کردنی عێراق‌و پرۆسەی سیاسی‌و گفتوگۆی کوردی‌و عەرەبی بناغەی تەوافوقی نیشتمانیە.

ــ قۆناغی ئێستا پێویست بە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی زانستی‌و ئەکادیمی‌و رۆشنبیریی زیاتر دەکات بۆ ئێستاو ئایندەی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و ئامانج‌و ستراتیژایەکانی.

بنکەی رۆشنبیریی کوردیی کاوە سوپاسی هەموو بەشداربووان‌و کەناڵەکانی راگەیاندن‌و راگەیاندن کاران‌و بەرێوەبەرایەتیی سەنتەری رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتیی زانکۆی سەلاحەدین دەکات‌و راشی دەگەیەنێت کە بەم زووانە هەموو بابەتەکانی گفتوگۆو گفتوگۆکاران بڵاو دەکاتەوە.

هەولێر ٢٠٠٧/١٠/٣١ بنکەی رۆشنبیری کوردیی کاوە

## درێژەی هەواڵەکانی دەرەوە

### کۆبوونەوەی هێزو رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردو کۆمەڵە کوردی‌یەکانی شاری لینشۆپینگ



رۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/١٠/٢٢ بە مەبەستی تاوتوێ کردنی هەلومەرجی ئێستای کوردستان‌و ئەگەری هێرشی تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، کومیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە شاری لینشۆپینگ، کۆبوونەوەیەکی پێك هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری پارلمانی تورکیە مەحکووم کرا. هەر بەم مەبەستە بڕیار درا کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکان‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی بەشدار لە کومیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکانی شاری لینشۆپینگ بەشداری لە خۆپێشاندانی ناڕەزاییانەی کوردان لەم پێوەندییەدا بکەن.

### فینلاند: کۆچی دوایی هاوڕێ ئایشێ شەمسی بورهان

خاتوو ئایشێ شەمسی بورهان ژنە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هاوسەری هاوڕێ حەسەن موسازادە ناسراو بە "حەسەن ئاشپەز"، لە دوورەوڵات، کۆچی دوایی کرد.

خاتوو ئایشێ شەمسی بورهان، ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئایینی، بنەماڵەی شێخانی بورهان، لە گوندی خانەقای سەر بە ناوچەی پیرمەحەممەدی بۆکان لە دایك بووە. زستانی ساڵی ١٣٦٢ هاتە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەو خەبات‌و تێکۆشانی خۆی بۆ ئازادیی گەلەکەی‌و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان دەسپێکردو لە هێزی بەیان‌و کومیتە شارستانی بۆکان سازمان درا. دواتر لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگانەدا. سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٧٤دا وێڕای هاوسەرەکەی لە وڵاتی فینلاند گیرسایەوە. بەم بۆنەیەوە وێڕای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵە بەرێزەکەی سەرەخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.

### نارەزایەتیی بەرینی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی ئوتریش بە دژی لەشکرکێشیەکانی تورکیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٣١ بە هاوکاری‌و پشتیوانی زۆربەی رێکخراوەکانی کوردی‌و کاروباری کوردان لە بوارەکانی جۆراوجۆردا خۆپێشاندانێکی ئارام لە مەیدانی بەر دەرکی کۆشکی سەدری ئەعزەم‌و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی ئوتریش لە شاری وییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش پێك هات.

دوای کۆبوونەوەی سەدان کورد نامەی نارەزایەتی لە لایەن هەیئەتەکەیانەوە برا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش. ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن پەیامنێرو هەواڵنێرانەوە گرنگییەکی تایبەتی درابوویە، جێگای باسە کە ئەندامان‌و لاینگرانی حیزب بەشدارییەکی چالاکانەیان لەم خۆپێشاندانەدا بوو.

### رێپێوان لە دژی لەشکرکێشی سوپای تورکیە لە رۆژئاوای کانادا

رۆژی چوارشەممە ٣١ی ئوکتۆبری ٢٠٠٧ ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی رۆژئاوای کانادا لە شاری ڤانکۆوێر بەشداریان کرد لە رێپێوانێك کە بۆ پرۆتیستۆ کردنی هەڕەشەو پەلامارەکانی ئەم دواییەی سوپای تورك رێکخرابوو خۆپێشاندەران بەدەم دروشمی نا بۆ داگیرکاریی سوپای تورك لە ناوەندی شار بۆ دەرگای کۆنسۆلگەری ئەمریکا وەرێکەوتن‌و لە بەیاننامەیەك دا داوایان لە دەوڵەتی ئەمریکا کرد کە رێگا نەدات سوپای تورك هێرش بکاتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان. شایانی باسە کومیتەی حیزب‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب دەورێکی بەرچاویان لەو رێپێوانەدا هەبوو.









ژماره ٤٧٣ (٦ی نوامبری ٢٠٠٧)

کوردستان

# تورکیه و ئەمریکاو، بڕیارێکی دژوار

وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە : موعتەسەم نوورانی

**دەنگێکی کۆنگرێس لە واشینگتۆن کە پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوا دەخاتە مەترسییەوە**

تورکەکان، خەلکێکی لەخۆبایی و خۆ بە زل زانن‌و، بە ئاسانی لە بەرانبەری ڕەخنەگرتن دا تووڕە دەبن. شتێکی روون‌و ئاشکرایە، دەکەونە ململانێ لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە ڕۆژی ١٠ ی مانگی ئۆکتۆبر لە لایەن کۆنگرێس (مەجلیسی نوێنەران)ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پێشنیارکراوە. ئەو بڕیارە ئاماژە بە ژینۆسایدو کوشتاری هەرمەنییەکان دەکا، کە لە ساڵی ١٩١٥ی زایینیدا بە هۆی تورکەکانی عوسمانی ئەنجام درا. ئەنجومەنی نوێنەران دەبێ بە زۆرینەی دەنگ ئەو بڕیارە پەسند بکا. بەلام تورکیە لە ڕێگای باڵوێزی خۆی لە ئەمریکا، بە تووڕەیی وەلامی داوەتەوەو باڵوێزی خۆی لە ئامریکا بانگ کردۆتەوە. ئەو، باسی پساندنی پەیوەندیی نیزامیی لەگەڵ ئەمریکاو تەنانەت ڕێگا پێ نەدانی بۆ ئەوەی کەڵك لە پایەگای هەوایی ئینجرلێك وەرگری دەکا، کە شوێنێکی گرینگ وبنەرەتی‌یە بۆ گەیاندنی پێداویستی‌و یارمەتیی لوجستیکی بە هێزەکانی، لە عێراق دا.

تورکیە هاوپەیمانێکی سەرکێشە نیەو، ڕەنگە بەوانە شلوێ نەبێ. هەروەها یەکێك لە ولاتە گرینگەکانی ناوچەیە، بە ٧٥ میلیۆن حەشیمەتەوەو ١٩ هەمین ولاتی جیهانەو،لە دوو نەتەوەی سەرەکیی تورك وکورد پێك دێ، ئابوورییەکی دەولەمەندی هەیە . لە رووی ئیستراتیژیکەوە لە نێوان ئاسیاو ئوروپادا گرینگیەکی بەرچاوی هەیە، دوای ئامریکا گەورەترین سوپای لە ناتۆدا هەیە، ڕاڕەوێکی پڕبایەخە بۆ ڕۆژئاواو، لەگەڵ سێ ولاتی ئێران، سووریاو، عێراق دراسێیەو سنوورەکانی ئالۆزن. سەرەرای ئەوە نموونەیەکی دەگمەنە لە نێو هەموو ولاتانی موسولمانانی جیهان، کە بەهۆی دەسەلاتێکی سکۆلار دیموکڕاتەوە بەڕێوە دەچێ. ئێستاش پێی وایە ئالۆزییە نێوخۆییەکانی دەستی ولاتانی دراوسێ‌و بێگانەی تێدایە.

ئەم سالْ، زنجیرەیەك پێك هەڵپرژان لە نێوان سوپاو سکۆلاریستەکان لە لایەك‌و ئیسلامی یە دادپەروەرە میانەرەوەکان لەلایەکی دیکەدا رووی داو، حکوومەتی ئەو ولاتە بەهۆی رەجەب تەیب ئۆردوغان بەڕیوە دەچوو. لە لایەکی تر پارتی دادو گەشەسەندن گەورەترین سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ژوئیەدا وەدەست هێنا. ئۆردوغان بوو بە سەرۆك کۆمارو، زۆر لێبڕاوانە هەولْ دەدا تورکیە بگەیەنێتە یەکیەتیی ئوروپا، بەلام زۆربەی ئوروپاییەکان بە ڕاشکاوی دژایەتی دەکەن، چونکە مافی نەتەوەیی کوردەکان وماڤی مرۆڤ پێشێل دەکا. لەلایەکی دیکەش دەیەوێ پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بپارێزێ، سەرەڕای ئەوە بە شەڕ کردن لەگەڵ گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بنکەو پایەگایان لە کوردستانی عێراقدا هەیە، دەیهەوێ هەرێمی کوردستان بشێوێنێ. ئەوە بۆ ئەمریکا خراپەو، شەڕێکی ئاوا کێشەی بۆ دروست دەکا.

لەلایەکی دیکەش پەسندکردنی بڕیاری بە ژینۆساید ناسرانی کوشتاری هەرمەنییەکانیش کە ٩٠ سالْ لەوەو پێش، پێش ئەوەی تورکیە بەرەو مەدەنییەت‌و پێشکەوتن هەنگاوبنێ رووی داوە لەم هەلومەرجەدا لەبەرژەوەندی ئەمریکادا نیە. حاشا لەوە ناکرێ کە ئەوە بۆچوونێکی باشە بۆ ولاتان کە چاوێك بە ڕابردووی خۆیان دا بخشێننەوە بە تایبەت ئەو سەردەمەی کە دەولەتی عوسمانی لە سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ی زایینیدا کۆمەلێك توندوتیژیی نواندوە. ئالمان بە ڕاشکاوی دانی بە گوناهەکانی سەردەمی نازیدا ناوە. ئەوە بۆ تورکیە شتێکی باشە کە ئیدعای دێموکراسی‌و پێشکەوتن دەکا، ئەگەر بێتە سەر ئەو باوەڕەو، دان بەو کارەساتە سامناکەی هەرمەنییەکان دابنێ کە، لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا کردوویەتی (هەروەها لەو ئاخریانەش لە گەلْ کەمایەتییەکانی دیکەی وەك یونانی‌یەکان ، عەلەویەکان‌و کوردەکان ئەنجامی داوە). لەو سالانەی دوایی دا، هێندێك نیشانەی دلخۆشکەر وەبەرچاوکەوتوون کە، هێندێك مێژوونووس‌و نووسەر لە کۆنفرانسەکان دا هەولیان داوە بەو مەبەستە کە پەیوەندی‌یەکان لەگەلْ تورکیا باش بکەن ، هەولْ بدرێ بۆ ئەوەی وەزعی کوردەکان باش بکرێ، زمانی کوردی بە رەسمی بناسرێ‌و خوێندن‌و نووسینی کوردی پەرە پێ‌بدرێ هەروەها مادەی ٣٠١ ی قانوونی سزادانانی گشتی چاك بکرێ . بەلام شۆوینیستە تورکەکان لە هەر جێگایەك بۆیان بکرێ، ناهێلن و بەربەستی هەر چەشنە دیالۆگێك دەکەن . لەگەلْ ئەوەش دا ئەگەر کۆنگرێسی ئەمریکا ببێتە خاوەنی ئەو بڕیارە سیاسی‌یە بەهێزە، خراپترین ڕێگای مومکینە بۆ نیشاندانی ڕێگاچارەیەك. ئەو مەسەلەیە زۆرتر ئاگری توندوتیژیی نێوان تورکیەو ناسیۆنالیستەکان (شووێنیزمی تورك ) لە لایەك‌و ئازادیخوازانی نێو تورکیا لەلایەکی‌تر خۆش دەکا کە داوای ئازادی دەکەن‌و دەیانەوێ پەردە لە سەر جینایەتەکانی تورکان هەلدەنەوە . ئەوەی کۆنگرێس دەیکا زیاتر بە قازانجی تورکیایە نەك هەرمەنییەکان ، بەلام هێندێك لە سەرمایەدارە هەرمەنییە ئامریکایەکانن کە گوشار دەخەنە سەر تورکیەو دەیانەوێ ئەو مەسەلە بوروژێنن‌و زیندووی کەنەوە. بەلام وێدەچێ کە هەندێك لە هەرمەنییە تورکەکانی ناو تورکیەو تەنانەت بەڕێوەبەری کلیسا هەرمەنی‌یەکانی ئیستانبوولْ لەبەر خۆیان ئەو بڕیارەیان پێ خۆش نەبێ.



**هەلەیەکی گەورە دوای هەلەیەکی دیکە**

دان پێدانان بە کاردانەوە زیانبەخشەکانی ئەو بڕیارەلە ناو تورکیاداو، هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە پەیوەندیەکانی تورکیەو ئامریکا، ئیدارەی بووش بۆ درێژکردنەوەی کاتی دەرچوونی بڕیارەکەو راگرتنی، زۆری هەولدا. هەر ٨ وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئامریکا کە ئێستا لە ژیان دان و نوێنەرانی هەردووك پارتی دێموکرات‌و کۆماریخوازی بۆ باس‌و مناقشە لە سەر ئەو بڕیارە بانگهێشت کرد. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە هەم تورکیە خاوەنی ستراتیژییەکی گرینگە بۆ ئامریکاو، هەم ناوچەکەش بە هەلومەرجێکی ناسك و ئەستەم دا تێ پەڕ دەبێ.

حەوتووی رابردوو پارلمانی تورکیە ئەو بڕیارەی پەسند کرد کە، سوپای ولاتەکەی سنووری باشووری کوردستان ببەزێنی‌و هێرش بکاتە سەر پ.ك.ك بە مەبەستی لەنێوبردنی بنکەو بارەگاکانیان لەوێ. کە ئەوەش هەلەیەکی گەورەی دیکەیە .بێ‌هومێدی‌و ڕەش‌بینیی تورکەکان لەسەر باشووری کوردستان بە تەواوی وەبەرچاو دەکەوێ کە دەیانەوێ بەبیانووی هێرش کردن بۆ سەر پ.ك.ك بە ئامانجی خۆیان بگەن. هەرچەند تەنیا لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوو دا ، زیاتر لە ٢٠ سەربازی تورك بە دەستی پ .ك. ك کوژراون‌و، چەندین جار داوا لە حکوومەتی عێراق‌و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە پێش بەو گرووپە بگرن‌و پشت گوێیان بخەن. هەرچەند هێندێك لە فەرماندەرانی تورك پێیان خۆشە هێرش بکەن، لە گەلْ ئەوەش دا هێرشێکی لە ناکاو و کتوپڕ بۆ سەر پ . ك. ك نە تەنیا هیچ کاریگەریەکی نیە لە سەر سەقامگیریی ناوچە بەلکوو کارەکە خراپتر دەکا، باشتر دەبێ ئەگەر ئامریکاییەکان دژایەتیی پ.ك.ك. نەکەن‌و تورکیاش پێداچوونەوە بکاتەوە لە گەلْ کوردەکانی خۆی و پێوەندییەکانی لەگەلْ حکوومەتی هەرێم بەهێز بکاو هەولْ بدا بە باشترین شێوەی مومکین هەلس‌وکەوت بکاو لە ڕێگای ئاشتی‌و دیالۆگەوە مەسەلەکان چارەسەر بکا.

پابەندبوونی تورکیا بە پێوەندییەکانی پێشووی لەگەلْ ڕۆژئاوا ، نە لە بەر عێراق بەلکوو لەبەر وەزعیەتی خۆی کە کەمایەتییەکی بەرچاوی کوردی تێدایە زۆر گرینگە، چونکە دوای تورکەکان، کوردەکان گەورەترین حەشیمەتی تورکیە پێك دێنن. هەرچەند ئەو هەلاوکێشەیەی ئەم دواییانە یارمەتی دەکا بە هەلویست گرتنی توندی بیرورای گشتیی تورکیا لە بەرانبەر یەکیەتیی ئورووپاو ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا، کە ئێران‌و رووسیە ئامادەیی تەواویان هەیە لە ئاوی لێل ماسی بگرن‌و بە قازانجی خۆیان لەو هەلومەرجە کەلك وەربگرن، دەبێ هەولْ بدرێ بۆ هەلوەشانەوەی مادەی ٣٠١ی سزادانی گشتی و ڕێگا بدرێ بە کرانەوەی دەرگای ئازاد بۆ گفتوگۆ لەسەر کێشە گرینگەکانی ئەو ولاتە .

سەرچاوە: The Economist

ژمارە: ٨٥٥١، October 18th 2007

درێژەی

# هەڵاواردنی رەگەزی لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران دا

پیاوەو، ئەوەی بە هیچ دادەندرێ ژنە کە لە چوارچێوەی نەریت‌و پێوەندییە نەریتی‌یەکان دا، بە شێوەیەکی چارەڕەشانە درێژە بە ژیانی دەدات. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی ئەو کتێبە دەرسی‌یانەوە دەروی قوتابیان لە کۆمەڵگادا هاتوودا دیاری دەکا.

خەڵك لە کۆمەڵگای نەریتی دا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر کچ بچێتە قوتابخانە کات بە فیرۆدانێکە کە دەرئەنجامەکەی جگە لە دەست دانی دەرفەتی فێربوونی منداڵداری، خێزانداری‌و کاری ماڵ شتێکی دیکە نیە. لە لایەکی دیکەوە لەو کۆمەڵگایانەدا، ئایین لە توانای هەڵبژاردنی دایك‌و باوك دا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە. هێندێك لە دایك‌و باوکەکان خوێندن دژ بە داب‌و نەریت‌و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دادەنێن‌و لە سەر ئەو باوەڕەن کە ژنی خوێندەوار ناتوانێ هاوسەرێکی باش بێ، جگە لەوەش دەکرێ، خوێندنی کچ هەڕەشەیەك بێ بۆ سەر پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ئەو. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەقە دەرسی‌یەکان کەلێنێکی قووڵ لە نێوان دوو رەگەزەکەدا پێك دێنن. سیاسەتە پەروەردەییەکانی ولات لە سەر بنەمای جیاوازیی دوو رەگەز بەندە. بەو پێیە بەرهەمی خوێندن لەلای دوو رەگەزەکەش ناکرێ وەك یەك بێ. بابەتە کلێشەییەکانی کتێبە دەرسی‌یەکان دەبنە هۆی ئاکار گەلێك لە ژنان دا کە لە کارە شیاوەکاندا هیوابڕاو بن. کچان لە دەقە دەرسی‌یەکان دا فێر دەبن کە کوڕان لە کارە زانستی‌و فەننی‌یەکان دا، لەوان بەتواناترن. سەردەرێنان لە دونیای دەرەوە بۆ ژنان لە دەقە دەرسییە پەروەردەییەکانی ئێران دا لابراوە. ڕێژیم بەو پیلانە، بەر بە کۆمەڵایەتی بوونی ژنان دەگرێ.

پیاوسالاریی زاڵ بەسەر دەقە دەرسی‌یەکانی ئێران دا، توانایی‌و تایبەتمەندیی ئەوتۆ دەخاتە پاڵ ژنان کە زۆر جار لە پیاوانیش دا دەبینرێ‌و یان بە پێچەوانە پیاوان لە تایبەتمەندی ئەوتۆ بەهرەمەند دەکاو توانایی وا بە پیاوان دەدا کە لە ژنانیش دا هەیە. پیاوسالاری کۆمەڵگە بە سەر پیاوانەو ژنانە، دابەش دەکا هەر وەك کارو ئاکارەکانیش وا لێ دەکات.

داب‌و نەریت‌و ئاکاری سەرچاوەگرتوو لە مەزهەب، خوێندنی ژنان بە مەترسی‌یەك بۆ سەر پاکیی ئەوان دادەنێ. هەر ئەو هزرەیە کە بانگەشە بۆ "حجاب" وەك پارێزەری ئابڕوو دەکاو لە هەوڵی جیاکردنەوەی ژن‌و پیاو لە کۆمەڵگا دایە. دژایەتی کردن لەگەڵ پۆلە دەرسی‌یە تێکەلاوەکان، قەدەغە کردنی وانە وتنەوەی مامۆستایانی پیاو لە پۆلە دەرسی‌یەکانی کچان‌و یا بە پێچەوانە، خۆبواردن لە ناردنی کچان بۆ ئەو قوتابخانانەی کە مەودایەکی کەمێك زۆرتریان لەگەڵ شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەیە، گوشار هێنانی زۆر بۆ کچان بە مەبەستی مل کەچ کردنیان بۆ بە شوودران لە تەمەنی کەم داو.... هەموویان گوشارن بۆ سەر کچان بە مەبەستی دوور کردنەوەیان لە شوێنە پەروەردەییەکان. هەر لەو پێوەندییە دایە کە دەبینین لە نێو قوتابیانی کچ "لە تەمەنی ١٠ تا ١٤ ساڵ دا٥٣١ هەزارو ٤٧٣ قوتابی‌و لە تەمەنی ١٥تا ١٩ ساڵی ٦١٧هەزارو ٩٢٠قوتابی ماڵ‌و مێردیان هەیە.

لە دنیای پیاوانەی کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران‌و لە چەمکە دروستکراوەکانی زەینی پیاوان دا هەولدراوە تا زوڵم کردن لە ژنان شاراوە بمێنێتەوە. زانست لە کتێبە دەرسی‌یەکان دا، هەرچەند زۆر کاڵە، زانستێکی پیاوانەیە. لە دەقە دەرسی‌یەکان دا لە سەر بنەمای کلێشە نەریتی‌یەکان بە ژنان دەگوترێ کە قبووڵ بکەن‌و بزانن ئەوان شوێنکەوتوون‌و باوەڕیان بەوە هەبێ کاری ماڵ، ماڵداری، منداڵداری لەگەڵ سروشتی ژن دا ئاوێتە بووە. لەو بوارەدا ئەگەر لە ئاکامدا بۆ کار کردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ، مل بدرێ، ئەو کارە ناتوانێ پسپۆڕییەکی تایبەتیی لێ‌بکەوێتەوە، بەو بۆچوونە، ژن دەتوانێ خاوەنی کاری وەك مامۆستایی، پەرستاری‌و سکرتێری بێ. بەو شێوەیە ژن بۆخۆی بەکردەوە بڕوا بە بارودۆخی ژێردەستەیی خۆی دەکا.

کۆماری ئیسلامی نەتەنیا ڕێگەی سڕینەوەی جیاوازیی لە کتێبە دەرسی‌یەکانی نەخستۆتە بەردەم خۆی، بەڵکوو زیاتر پەرەی پێداوە. لە سەرانسەری دەقە دەرسی‌یەکان دا پیاوان‌و ژنان دەورە نەریتی‌یەکانی خۆیان هەیە. لە کتێبە دەرسی‌یەکان دا ژنی ڕووناکبیر، ئەندازیار، هونەرمەند، نووسەر یان نیگار کێش، یاریزان‌و... بوونی نیە ژن ئەگەر زۆر بوێر بێ، لە پشتی بەرەی شەڕ سەرقاڵی دەواکردنی بریندارانەو یا بۆ "سەربازانی ئیسلام" خواردن‌و جل‌و بەرگ ئامادە دەکا.

کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران لە سیاسەتدا بایەخێك بۆ ژن دانانێن. ژن بوونەوەرێکە ئۆگریی بە سیاسەت نیە یان زیاتر لە ژێر کارتێکەریی بیرو باوەڕە سیاسی‌یەکانی مێردەکەی دایە. سیاسەتێکی ئەوتۆ کە لە ڕاستی‌دا کەڵك لە ڕوانگەی پیاوانەوە وەردەگیرێ، بەکردەوە ژن لە مەیدانی سیاسەت دا لە بەرچاو ناگرێ‌و دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن لە ژیانی سیاسیی ولاتدا حوزووری بەرچاوی نەبێ. لەو دەقە دەرسیانەی کە دونیایان لە ڕوانگەی پیاوانەوە وێنا کردوە، بە پەراوێز کردنی ژنان، هەوڵ دەدرێ وێنەیەکی ناڕاست لەوان نیشان بدرێت. لایەنگری لە ئیدئۆلۆژیی سیستمی حاکم لە هەموو لاپەڕی کتێبە دەرسی‌یەکان دا دەبینرێ.

ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەین کە یەکێك لە ئەرکەکانی دەقە دەرسی‌یەکان ڕەنگ دانەوەی کۆمەڵگایەکی ڕووەو گۆڕانە، دەبێ سەرنجدان‌و گرینگی‌دان بە نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی‌و ئامادە کردن‌و بانگەشەی یەکسانیی ڕەگەزی بۆ نووسینەوەو داڕشتنی دەقە دەرسی‌یەکان بکرێتە بیرۆکەیەکی بنەمایی.

کتێبی دەرسی کەرەستەیەکە بۆ پەروەردەو فێرکردن کە دەبێ توانای زەین‌و هۆشی منداڵ بەرێتە سەرێ‌و پەرەی پێ‌بدا. تا ئەو کاتەی قوتابی توانای پێویستی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای نەبێ، کلێشەکان بەردەوام بە شێوەی گشتی بەکار دەبرێن. هەر ئێستا وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن لە ئێران دا ئەرکی هەلاواردنی ڕەگەزیی لە ئەستۆیە.

سەرچاوە: سایتی اخبار روز

# برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ئەدەب و هونەر
کوردستان
adabstan24@yahoo.com
ژمارە: ٤٧٣ (١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨٦)

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






### قاسم رەحمانی

" تنها صداست کەمیماند" فروغ فەروخزاد دەڵێ:" تەنیا دەنگە کە دەمێنێتەوە". کە بیر لە ژینی کورتی کۆمەڵێك لاوی خاوەن بەهرەی نێو جەرگەی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمەوە، یەکەم شتیان کە دێتەوە بیرم، بەهرەی هونەرییانە، بەتایبەتی کە دەکەومەوە یادی لاوە دەنگخۆشە جوانەمەرگەکان، سیماو دیمەنی ئەوانم لەو کاتەدا دێتەوە پێش چاو کە گۆرانییان دەگوت. قاسم رەحمانی یەك لەو شەهیدانەیە.

پاییزێکی درەنگی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (١٩٨٦) بوو. مێر منداڵێکی ١٥ - ١٤ساڵەیان لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە بۆ بنکەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بناری قەندیل نارد بوو. بۆیان نووسیبووین ئەم مێرمنداڵە (قاسم رەحمانی)، خەڵکی "کاژێ"ی ناوچەی سەر بە سەردەشتەو، هاتوە ببێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەڵام تەمەنی هێشتا کەمەو ئامادەش نیە بگەڕێتەوەنێو بنەماڵەکەی. پێمان باشە جارێ لە یەکیەتیی لاوان بێو ئێوە پەروەردەی بکەن.

هەر لە یەکەم چاوپێکەوتن دا قاسمم کەوتە بەردڵ. مێر منداڵێکی زۆر راشکاوو قسە خۆش‌و خوێن شیرین بوو. لێم پرسی پێت خۆشە هاتووی بۆ یەکیەتیی لاوان؟ گوتی نەوەڵڵا بە تۆپزی ناردوویانم! لە مێژ بوو وشەی "بە تۆپزی"م بەرگوێ نەکەوتبوو. دواتر بۆم دەرکەوت مەبەستی لە "بەتۆپزی" ناردن "بە نابەدڵی"یە. چونکە هەر کات کارێکیان پێ‌سپاردبایەو پێی خۆش نەبا دەیگوت وەڵلاهی بە تۆپزی پێم دەکەن ئەگینا نایکەم! بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە کاروباری بنکەو کارە هەرەوەزییەکان دا کە دەبوایە مێرمنداڵان‌و لاوانی یەکیەتیی لاوان بۆخۆیان ئەنجامیان دابان تا فێری خۆ بەڕێوە بردن ببن، چالاکانە بەشدار دەبووو خۆ بواردنی نەبوو.

لەباری فێر بوونی سیاسی‌و خوێندەواری‌و نووسینی کوردی‌یشەوە، مایەو توانای باشی هەبوو. ساڵی ١٣٦٦ کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکرات بوو بە هاوسێ‌و هاوکاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و لە بەرەکەتی ئەو تێکەڵاوییە، ساڵۆنی گشتیی یەکیەتیی لاوان هەر حەوتووە جارێك، پێشبڕکێی زانیاریی لەگەڵ بەرنامەی هونەریی تێدا بەڕێوە دەچوو. لە رێگای ئەو بەرنامەوە بوو کە بەهرەی هونەریی قاسم‌و دەنگە خۆشەکەی بۆ ئێمەو هاوڕێیانی کۆڕی هونەری ئاشکرا بوو. بەم جۆرە کۆڕی هونەری بوو بە ماڵی دووهەمی قاسم رەحمانی‌و هەر کات کۆڕی هونەری پێویستی با، قاسم بۆخۆی گۆرانی‌یەکی بۆ گوتن هەبا، وەك هونەرمەندێکی دەنگخۆش بەرنامە هونەرییەکان‌و جێژن‌و رێورەسمەکانی دەڕازاندەوە.

قاسم رەحمانی دواتر وەك پێشمەرگەیەکی پێگەیشتوو لە هێزەکانی پێشمەرگەدا دەستی بە تێکۆشان کرد. هەر هێزو ناوچەیەك کە حیزبەکەی بە پیویستی زانیبا لەوێ خزمەت بکا، دەچوو. هەر بۆیە بۆماوەی چەند ساڵ لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە نێو تێکۆشەرانی حیزب لە ناوچەکانی هەورامان‌و داڵاهۆو هتد دا خزمەتی کردو لێهاتوویی خۆی لە بوارەجۆراوجۆرەکان دا پێشان دا. قاسم پێشمەرگەیەکی وەرزشدۆست‌و وەرزشکاریش بوو. لە هەر کۆمیتەو هێزێك بوایە، یەکێك لە ئەندامانی تیمەکانی واڵیباڵ‌و فووتباڵ لەوێ دەبوو.

لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی‌دا، قاسم بوو بە کادری تەشکیلاتی‌و، ساڵی ٧٤ بوو بە ئەندامی تیمی تەشکیلاتیی شاری سەردەشت. ساڵی ١٣٧٥ لە دوایین جەولەی تیمی تەشکیلاتیی شاری سەردەشت، دوای تێکهەڵچوونێك لەگەڵ بەکرێگیراوانی رێژیم دا، لە شوێنێك بە ناوی "شینوێ" بە گوللەیەکی وێڵ شەهید بوو.

قاسم، تازە پێی نابووە بیست‌و پێنجەمین ساڵی تەمەنی خۆی کە گیانی لە پێناوی ئازادیی نەتەوەو رزگاریی نیشتمانەکەی‌دا بەخشی. ئەگەرچی هێشتا هەر لاو بوو بەڵام کۆڵێك ئەزموون‌و بەهرەو لێهاتوویی لە بوارەکانی سیاسی، خەباتی چەکداری، کاری تەشکیلاتی‌و هونەری‌دا کۆ کردبۆوەو ببووە کەسێکی پێگەیشتوو. بەڵام بەداخەوە، مەرگ مەودای نەدا پتر بمێنێتەوەو زیاتر خزمەت بکا. بەو حاڵەش یادی لە دڵمان دا هەروا زیندووو دەنگی خۆشی‌و چریکەی هەست بزوێنێ لە گوێمان دا هەروا دەزرینگێتەوە.

یادی بەرزو گیانی بۆ ئەبەد شاد

# باران

## یادێ لەو تروسکانەی رۆژێ لە دەست رۆژ هەڵوەرین - پەیمان



-١-
کۆمەڵ کۆمەڵ... ...
ونبوون لە درێژەی رێ
گەیشتنە نێو بوومەلێڵ
ڕیکخراوی جیهانی
هەڵهاتن‌و ئاوا بوون
ئاوا بوون‌و....
ئەوەی دیارە
ئەوەی ماوە
تەخمینێکە لە بەیان
-٢-
نەمدەزانی ... ...
ئەو "ئەفغان"ییە
بۆ ئەوەندە نیگەرانی
مجریلەی سەربردەیەتی
کە تەژی بوو لە مناڵی
لەو تۆپانەی
تەقینە خۆڵە پۆتی
بەر دەرکەی ساویلکەیی
لەو ... ...،
کەچی لە جەنگەی بادا
کاتی پەڕینەوە لە وەتەن
شەپۆلی ئەشکی "کابول"
گلی داوە...
هەر نەیداوە؟!
"دارفۆر"ییەکان
بۆ هەمیشە
وشیارییان پڕخێوەتە
خەونەکانیان پڕبینان؟
مناڵانیان
بۆ بەردەوام
لە کووچەی ویژدانی میلەل
لە دەم دەرکەی "لافی درۆ"
نادۆزنەوە ئاسایشێ
پڕ بە خانووچکەی خەیاڵیان
بۆ کەروێشکی ترساوی دڵ؟
دەڵەی تارمایین لە ڕووانگەی
لاپاجەی سەیری دەسەڵات!
ئەو پیرێژنە
بۆ هەر لە دڵی دەرناچێ
ڕستە بەردینەی ودمانی
چۆرتکەی نهێنیەکانی
بەجێماوە لە "بوسنیا"
لەبەر بەڕۆچکەی یادێکدا
لەبن
دۆشەگەڵەی خاتیرەیەك
لە چەند میتری
هەڕەشەیەکی خاچاوی؟!
مناڵانی "فەلەستین"ی
بۆ پێچەوانەی خزمان
کە بە لوتفی
باخەڵە نەوتاوییەکان‌و
بەخشندەیی چەنگی خورماو ...
ڕەنگاو رەنگن،
ئەوەندە بێڕەنگ دەنوێنن
لە کەمپەکانی سیاسەت؟!
کەی دادەنێ بارگەی سەفەر
کۆچی شەکەتی ئاشنا
لە نیشتیمانی جێگرتن؟
ئەوەتانێ ... ...
لە وڵاتی من
تەنانەت لە دەم هیواوە
کە وەك چاوی گەشی ئاوە
لە نێو پشتێندەی سەوزەڵان،
لە گەرمەی گەڕانەوەدا
لە پانایی جاددەکەی کۆچ
هەڵدەبڕن بە ئاسپایی‌و
دە درێژایی دەکەنەوە!
بۆ ... ... بۆ ... ...؟
نەمدەزانی ... نەم ... ...
بەڵام
ئێستاکە لام ڕوونە
وەکوو ڕۆژی
هەموو ویژدانێکی ساو
باش دەزانم ... باش ...
تەنانەت دەزانم:
چەند "هێکتار"ی نا بەرپرسی
چەند دۆنمی بێلایەنی
چەند هۆگان لە ناڕاستی
تا چەند شەقاوی بێ‌لوتفی
جێ "بنەتۆ" ی
حەسرەتی ئەم ڕییە دەبێ
بیر دەکەمەوە ... بیر ... ...
بیر لەو هەناسە ساردانەی
هەتڵەی گوزەری ئەنفالن
لە مێژە دەگێڕن چاوان
بۆ گۆمیلکەیەکی قەڵەم
کە پەڕیبێ لە باخەڵ ئاو
لە کاتی سەرهەڵگرتندا،
تا پێی نیشان دەن مناڵی
بۆ کێشانی نەخشی هەڵم!
دەمێکە کەوتوونە بۆسە
لە دەم هەر ئاوێکی گەڕۆك
کەڕێ خەڵەت کا بۆ بێرون
تا گەنجیەتییانی لێ وەشۆن
بەرەو لاپەڕەی دەریاکان
بۆ خوێندنەوەی هەر شەپۆلێ
فەسڵی ویشکە ساڵی زەمەن
وەرزی مێرگۆڵەکەی تەمەن!
بیر دەکەمەوە لە وانەی
بەندی کەوشی دووا بڕیاریان
لە پێش دەرکەی
ماڵێکی سەفەری، شل کردەوە
دووای پشبەستن بە پاڵندان
بە یەکەم قومی سەهۆڵاو
کە چۆڕاوە
لە سێڵاوەکەی داغی هەستیان
تێگڕا بوون گشت خەونەکانیان
دەسەر خەو ڕاچۆوە ڕێگا
خۆی بە دەستەوەدا هەنگاو
تەمی گرت بەرچاوی لێبڕان
کشایەوە ئارەقەیان
نمی سەر تەوێڵی دەوام
بە تەوژمی
شنەی باوەشێنی وەستان
کە هەر دەتگوت:
کزەی کوێستانی ئاخێکە!
خەمی ئەوانەم لە بەرە
نەخشەی ڕێیان
کردە تابلۆی
سەر دەروازەی ئۆردوگاکان،
چەن نامرادن
تەواونەبوو قیرەتاوی
جاددەی تەسکی ئارەزوویان
"چۆن رۆدەچن لە چەوڕێژی"
بەر دەرگاکانی ناچاری!
لەو ئازیزانە دەفکرم
تا سەردەمێ
ناویان دەبردن بە "سوەیل"
لەو شەوانەی
ڕادەخوشان بەرەو بەیانی
بۆیە ئەمڕۆ
دەڵێی لە دەستی شەو کەوتوون
بێگانەن لە چاوی ڕۆژگار!
نا نا دەڵێی
لە چەرخو خولی بۆشایی
خاڵی بووە هەموو کێشیان
کە دەبنە سەداسەد لە هیچ
لە تەرازووی گەمەی زەوی!
ئەوان ... ...
زۆر ڕاگیراون لە بەردەم
ڕووداوی هەورو بروسکە
هەروا خۆ دەکوتێ دڵۆپە
لە دووا پەرەنگی هەستیان
دەمێکە شێ دەگرێ دیوی
روو لە هەتاوی بیریان
ئاو گەیشتۆتە دەم پیرییان
شکڵەکانیان
خەریکە دەتلیسێنەوە
کەچی گۆیا
هەر دەبێ چاوەڕێ بن
چاوەڕووانی
خەمخۆرییەکی ... سێڵاو!

# ئەو کۆڵانەی کە شەقام دەفرێ

خەبات رەسووڵی

حەز دەکەم بتوانم وەك جالجالۆکەم لێبێو بە دڵی خۆم بجووڵێمەوە. بەڵام وابزانم دەبوایە من ئەو خەونەم بە جیا دیتبایە. چونکە ئێستا مامۆستای چیرۆکمو دەبێ چاوەڕێ بم چوار چیرۆکی باش لەلایەن قوتابیەکانمەوە بخوێنمەوە. بەڵام با بێمەوە سەرەتای لاپەڕەو جۆرێکی دیکە دەست پێبکەم، من تاوانبارم کە بەر لە حکومەتی سوڵتان مەحموودو هەیاسی خاس ژیاوم پەڕۆیەکی رەش لە سەر دەمو چاوم دادەنێم. بای هەناسەم پەڕۆکە دەلەرێنێتەوە. پێویست بەو پێشەکیە قۆڕە ناکات. یەکسەر هەڵدەستمو دەچمە ژووری ئاوێنە. لە ناوەڕاستی ژوورەکە رادەوەستم. نامەوێ بە رەوتێکی هێڵی برۆمە پێشێ. کە وایە چاو لە چواردەورم ناکەم چوار مەشقی دادەنیشمو چاوم دەقووچێنم. خشە خشێك دێ. پرمەیەك، یەکیان دەڵێ پێبکەنن قاقایەکی درێژ، ئەستوور، پان، قاقاکە خڕە، قاقاکە نەرمە، بە پشت ملم دا شۆڕ دەبێتەوە نێو پشتم. پێم سەیرە ئەوە قاقایە یان ڕشاوەیە. چاو هەڵدێنم ئاوێنەکان هەموویان دوو چاویان هەیەو چاوم لێدەکەن. هەموو پێکەوە قاقا پێدەکەنن. دەنگی قاقاکەیان دەڵێی سەدان بزنو پێکەوە پێدەکەنن توند گوێچکەم دەگرمو دێمە دەرێ. دەنگی مۆبایلەکەم دەبێ ئێستا رامچڵەکێنێ. دەنگی رام دەچڵەکێنێ ئەلفە.

دەڵێ مامۆستا من ئاوا بۆ ئەو چیرۆکەی تو دەچم ئەو پیاوە نوێنەری مرۆڤەو پەڕۆکە نەزانینە، ئاوێنەکان زانینە ئەو کابرایە ناتوانێ لە بەرامبەر راستیەکانی چواردەوریدا خۆ بگرێو بە پرتاو هەڵدێتەوە نێو نەزانینیەوە.

دەڵێم تۆ بۆ دیالۆگەکەت گۆڕیوە. دەڵێ دیالۆگی چی، دەڵێم گوو بە گۆڕی باوکم کە کلاسم بۆ تۆ داناو گوو بە گۆڕی باوکت کە تۆی ناردە کلاسی من. دەڵێ مامۆستا ئەو قسانە لە تۆ ناوەشێتەوە. دەڵێم سەعات چەندە؟ دەڵێ سەعات ٨/٣٠ ئێوارەیە دەڵێم ئا ئەگەر دەڵێم گوو بە گۆڕی باوکت لە بەر ئەوەیە چاوم دێشێ با جارێ بەس بێ قەڵەمەکە دادەنێم.



چاو لە کاتژمێرەکە دەکەم منو خێزانم هەردووکمان کوردی رۆژهەڵاتینو لە باشوور قوتابی زانکۆین، هەولێر من لە گۆڤارێکی ئەدەبی ئیش دەکەمو خێزانم لە رادیۆیەك. ئێستا ئەو لە سەر کارەو من چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەم دەستم داوەتە قەڵەمو دەمەوێ خۆم بنووسمەوە بەڵام ئێستا کاتی گەڕانەوەیەتی لە ئێوارەوە تەماتەو کوولەکەم قاش قاش کردوە بەڵام دەستم بۆ ناچێو پێم خۆشە پێکەوە بیخۆین. تەلەفۆنم بۆ موبایلەکەی کرد بەڵام گوتی شارژم تەواو بووەو ناتوانم زۆر قسە بکەم. ئەو هەموو کاتێك بیری دەچێ مۆبایلەکەی شارژ بکاتەوە. من جارێ چاوەڕێم بۆیە دیسان چیرۆکەکەم درێژە پێدەدەم تاکوو ئەو دێتەوەو نان دەخۆین. بە پەڕۆیەکی رەش دەموو چاوی داپۆشیوە بای هەناسەی بە هێواشی پەڕۆکە دەلەرێنێتەوە. لە پڕ پەڕۆکە لەسەر دەمو چاوی لادەباو هەڵدەستێتە سەر پێ بەرەو دەرگاکە دەچێو لە ژوورەکە درواتە دەرێو یەك راست دەچێتە ژووری ئاوێنە. دەرگاکە دەکاتەوە دەچێتە ناوەڕاستی ژوورەکە. چواردەوری ئاوێنەیە. چوار دەوری. چاو لە چوار دەوری دەکاو خۆی لە چواردەوریدا دەبینێ. چاو لە میچەکەش دەکاو خۆی دەبینێ کە چاو لە میچەکە دەکاو چاو لە ئەرزەکە دەکاو خۆی دەبینێ کە چاو لە ئەرز دەکا نازانێ چ دەکا. دێتە دەرێو دەچێتەوە شوێنی پێشووی و پەڕۆ رەشەکە بە دەموچاویدا دەدا. ئەو تەنیا دوو ژووری هەیە ژوورێك کە تەنیا کورسییەکی تێدایەو ژوورێك کە هەمووی ئاوێنەیە. روو دەکەمە قوتابییەکان دەڵێم ئەوە ئەو چیرۆکەیە کە دەبێ درێژەی پێبدەن. من دەمەوێ سبەینێ کە هاتمەوە. چوار چیرۆکم بۆ خوێندنەوە هەبێ. لە کلاسەکەم دێمە دەرێو سواری تاکسی دەبمو دێمەوە ماڵێ. دەچمە ژوورەکەی خۆمو لە سەر کورسییەکەم دادەنیشمو پەڕۆیەکی رەش بە دەمو چاوم دا دەدەم. بیر دەکەمەوە. ئەمن بنەماکانی چیرۆکەکەم بۆ شی کردوونەتەوەو ئەوان دەزانن دەبێ چیرۆکێك چ تایبەتمەندیەکی هەبێ جا دەبێ بە چیرۆك. پاشان باشترین چیرۆکەکانمان پێکەوە خوێندۆتەوەو شیمان کردوونەتەوە تۆ بڵێی سبەینێ چیمو دەیکەمەوەو راست دێمە دەرێو دەچمە ژووری ئاوێنە.

چاو لە چواردەوری خۆم دەکەم لە هەر چوار لاوە من دیارم چاو لە میچەکە دەکەم. لە میچەکە دا خۆم دەبینم. چاو لە ئەرزەکە دەکەم لە ئەرزەکەدا خۆم دەبینم. چاوەڕێم جووڵەی دوای ئەوەم دەبێ چی بێ؟ دێمە دەرێو دێمەوە سەر جێگای خۆم دادەنیشمەوەو پەڕۆکە بە دەمو چاوم دا دەدەم.

بە دەنگی مۆبایلەکەم رادەچڵەکم. پەڕۆکە لادەبەمو چاو لە ژمارە تەلەفونەکە دەکەم ئەلفە، دەڵێ ئەلۆ، دەڵێم بەڵێ فەرموو. دەڵێ مامۆستا من ناتوانم درێژەی ئەو چیرۆکە بنووسم. پێکەنینم دێ.

دەڵێم بۆ ناتوانی دەڵێ ئاخر قەتم هیچ نەنووسیوە دەڵێم باشە تۆ بۆ بەشداریت لە کلاسی چیرۆك نوسیدا کرد. تۆ دەتوانی لە کلاسی مەلەوانی یان بەرگدووری دا بەشداری بکەن، یان ببی بە فیتەر. دەڵێم ئێستا من دەبێ چ بکەم؟ دەڵێ مامۆستا باوکم بە زۆری منی بۆ کلاسەکەی تۆ نارد. من حەز ناکەم ببمە نووسەر تەلەفوونەکەم دادەخەم. لە پێشدا گوو بە قەبری باوکم چونکە کلاسم بۆ تۆ دانا، پاشان گوو بە قەبری باوکت کە بە زۆری دەتکات بە نووسەر دەست دەدەمە کتێبێكو هەروا هەڵیدەدەمەوە چاوم وشەکان نابینێ. دەنگی قوتابیەکەم لە گوێچکەم دا دەنگ دەداتەوە. لە پڕ چاوم بە وێنەیەك دەکەوێ. کابرایەك لە ژوورێکی ئاوێنەدا بە سەر سووڕمانەوە راوەستاوەو چاو لە خرێ دەکاتو تۆ بڵێی من ئەو وێنەیەم پێشتر نەدیبێ نامەوێ بزانم ئەو کابرایە کێیە لەوێ چ دەکاو بۆ وا حەپەساوە.

پاش ماوەیەك دەگەڕێمەوە لاپەڕەکەی وێنەکە وا دیارە لاپەڕەکەم ون کردووە بیست لاپەڕە لەو نزیکانە پێکەوە بە دوو قامك دەگرمو لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵدەدەمەوە لاپەڕەی یەکمو دووەمو سێهەمو چوارەمو تا زۆر ئەو وێنەیەم لە دواین لاپەڕە دابینی. کابرا لە ژوورەکە نەماوەو تەنیا چواردەورێکی ئاوێنەکار لە وێنەکە دا دیارە.

من ئێستا کابرام دی لە وێ بە سەر سووڕمانەوە چاوی لە چواردەوری خۆی دەکرد لە وانەیە لاپەڕەکەم هەڵە کردبێ. دادەنیشمو دە لاپەڕەی دیکەش هەڵدەدەمەوە بەڵام هیچ وێنەیەکی تێدا نییە. هەر لەو باسە دەگەڕێم تف لە هەرچی کتێبو ئاوێنەو پیاوی حەپەساوە کتێبەکە بە رقەوە فڕێدەدەمە سەر مێزەکە لە پڕ شووشەیەك خرمە دەکاو دەشکێ چاو لە کتێبەکە دەکەم وردە ئاوێنەیەکی زۆر لە تەنیشت کتێبەکە کەوتووە.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی

**ئەمیل لۆدویك (١٨٨١ـ١٩٤٩م )**

لە نێوان ساڵەکانی (١٨٨١ـ١٩٤٩م ) ژیاوە، لە ٢٥ی ژانویەی ساڵی ١٨٨١ لە شاری پرسلاو لە بنەماڵەیەکی یەهوودیدا چاوی بە دونیا هەڵێناوە. لە سەرەتای ژیانەوە ماوەیەك بەکاری بازرگانیەوە خەریك بوە، دواتر لە رشتەی مافناسیدا درێژەی بە خوێند نیداو دواتر بوو بە پارێزەر، مەیلو تامەزرۆییەکی زۆری بە نووسین هەبوو بۆیە چەند شانۆیەکی نووسی لە سەر تەختەی شانۆی ئاڵمانو هێندێك وڵاتی دیکە پێشکەش کرا، وەك: برژیا، ناپلئون، ترتسیانو ئایزۆت، واترونتا، بالت ئاریان ـ لودویك. پێش شەڕی جیهانیی یەکەم ماوەیەك لە بریتانیا ژیاوە، دوا بە دوای دەسپێکردنی شەڕ لەلایەن



رۆژنامەیەکی ئاڵمانیەوە کرا بە هەواڵنێری سیاسی لە وڵاتانی ئاڵمانی زمان. هەر لەو سەردەمانە دا بوو کە کتێبی "مانفرێد"و هلین لوتای نووسی گرینگترین بەرهەمی لودێك ئەو ژیاننامانەیە کە لە سەر کەسایەتی هونەرو سیاسەت نوسیونی.

ئەمیل لە ساڵەکانی نێوان ١٩٠٦ـ١٩٤٠ لە سویس ژیاوە دواتر چوە بۆ ئەمریکا، لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی هەر لەوێ ماوەتەوە لە ئاکامدا لە ساڵی ١٩٤٩ هەر لە ئەمریکا کۆچیدوایی دەکا. ئەم کتێبانە ی خوارەوە کە بەرهەمی لودوەیکن

١ـ ئیستالین ٢ـ بتهۆڤن

بەرهەمەکانی دیکەی بریتین لە: خورنشین (زەردەپەر)، ناپلئۆن، بوژیا، تریستانو ئۆزێت، ئاتلانتا، مانفرویلن، دیانا، دەریای پڕ لە چرای فردریك وەلی عەهدی پروس، گۆتە، وانگەر، بیسمارك، خەڵكو تاج زادی، گەشەو کەسایەتی، ویلهۆلمی دووهەم ، مەسیح کوری مرۆڤ، نیل، رۆزویلت،.

وەرگیراو لە کتێبی زانیارەییە گشتیەکان




# ترس ( خۆف )

نوسینی: ناسررەسووڵی

بەشی یەکەم

بۆ ئەمجارەی گۆشەی سینەما دەمهەوێ سەبارەت بە یەکێك لە پڕبینەرترین و تەئسیرگوزارترین شێوازەکانی سینەما واتە"سینەمای وەحشەت" روونکردنەوەیەکم هەبێ. ترس نێرو مێ و گەورەو بچووکی بۆ نییە، هەموان ترسیان لەدڵ دایە و هەرمرۆڤێك لە شتێك دەترسێ. لە سینەمادا چەند فیلمێك هەن کە ئەگەر بینەریان رۆستەمی زاڵ و ئاڕەشی کەمانگیریش بن لانیکەم برێك خۆف لە دڵیان دا هەرساز دەبێ. لەم ژمارەیەی گۆشەی سینەماوە بەردەوام دەتوانن لەسەر فیلمە بەناوبانگەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی سینەمای وەحشەت بخوێننەوە. بۆ ئاگاداریتان فیلمێك کە سەبارەت بە شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیش بێ دەتوانێ بچێتە خانەی سینەمای ترس هێنەرەوە، تەنانەت ئەگەر فیلمەکە باسی دزێك یان باندێکی مافیاش بکا دیسان هەر دەتوانێ خۆلە یەکێك لە زرووفەکانی سینەمای ترس دا ببینێتەوە و قەرار نییە فیلمی ترسناك تەنیا باسی دراکولا و خوێن خۆر و فرانکشتاین و گورگ و ئەژدیها بێت.

لە کۆتاییەکانی دەیەی سی و سەرەتاکانی دەیەی ٤٠ ی زایینی دا دەرهێنەرێك کەبەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە ریزە فیلمێکی لە سەر ئەفسانەی بەناوبانگی"کۆنتی دراکولا" بەدەورگێڕانی"کریستۆفێرلی" کە تائەوکات تەنیا لە سریاڵەکانی "شێرلووك هۆلمز" دا دەوری بینی بوو ئامادەکرد کە ئەوکارەی ئەو سەرەتایەکیش بوو بۆشێوازی "ئێپیزۆدسازی"(ئێپیزۆد بە ریزێك فیلمی زنجیرەیی و درێژەدار دەگوترێ). ئەوفیلمانە کە ئەوانەناویان بوو: کۆنتی دراکولا، شەوخۆش خوێن خۆر، شەیتان سەگی دراکولا، قەسری کۆنت، تابووت و...، بەشێوەی رەش و سپی تەسویریان هەڵگیرابوو جگە لە دووانیان کە رەنگی بوون کە ئەوانیش بە هۆی کەمی خەرجێك کە تێیاندا کرابوو کەیفیەتیان زۆرلەخوارێ بوو. داستانی کۆنت بەم شێوەیە بوو کە: کۆنت شازادەیەکی بەتەمەن بوو کە هێشتا ژنی نەهێنابوو و لەلایەکیشەوە لە بنەماڵەکەی کەس زیندوو نەمابوو. شەوێك"شەمشەمە کوێرەیەکی خوێن خۆر" گاز لەپەنا ملی کۆنت دەگرێ و بەم شێوەیە کۆنت دەبێتە دراکولا و خوێن مژ. کۆنت کە ئەم بەڵایەی بەسەردێ زیاتر لە ٣٠ ساڵ خوێنی کچانی جوان و بەتایبەت کچە شازادەکانی ئەو وڵاتە دەمژێ، ئەویش بەم شێوەیە کە"کۆنت توانایی خۆ گەنج کردنەوە، خۆ دەرهێنان بە شێوەی شەمشەمە کوێرە و هەڵفڕین و دیسان خۆپیرکردنەوەی دەبێ". کاربەجێیەك دەگات کە کۆنت لە لایەن هەموو خەڵکی شارەکانەوە دەناسرێ و هەربۆیەش تازە توانای کاری نابێ بۆیە دێنێ نزێك بە ١٠٠ ساڵ دەخەوێ و پاشان دیسان دەست بەکار دەبێتەوە ئەویش بەم شێوەیە کە ئەمجارە لەسەررێی کاروانچیان لە نێو تابووتێکدا لە دڵی لێرەوارەکان و لە نیوەی شەودا دەردەکەوێت. ئەوە تێکەڵاوی سێ فیلمی"کۆنتی دراکولا، تابووت و قەسری کۆنت"بوو کەخوێندتانەوە. لەبەشەکانی دیکەی ئەم ئێپیزۆدەدا کۆنت دیسان و ئەمجارە دوای نزیك بە هەزارساڵ لە خەوهەڵدەستێ و ئەمجارە لە سەردەمی مۆدێڕن و پاش سەفەرێك لە ئوروپاوە بۆ ئامریکا و بەهاوڕێیەتی سەگە خوێنخۆرتر لەخۆکەی دەست بە کارەکانی خۆی دەکاتەوە تا ئەوەیکە شەیتان...

بەدوای ئەم فیلمانەدا کە بینەری فیلمە ترسناکەکان زیاتر دەبێ و سەنعەتی سینەماش بەهێزتر دەبێ ئەمجارە سینەمای ترسیش دەبێتە خاوەنی چەند شێوازی جیاجیا کە ئەوە سەرەتای لەدایك بوونی مامۆستای داسەپاندن و خودای ترساندن"ئاڵفرێد هیچکاك"ە(لە١٩٥٠ بەم لاوە).

درێژەی هەیە...



# لە هەرەسهێنانی پرۆژەی ڕێژیمی ئیسلامییەوە تا پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی

ئەیوب شەهابی راد

هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە جەوهەری خۆیدا پرۆژەیەکی پێشتر داڕێژراو و تیۆریزە کراوی ئیسلامی ـ سیاسی بوو کە توانی بە کەڵك وەرگرتن لە بۆشایی نەبوونی ئاڵترناتیوێکی بەهێز لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران دا گوتاری خۆی پەرە پێبداو دەسەڵاتی سیاسیی ئێران بگرێتە دەست.

ڕێژیمی ئیسلامیی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە بەرهەمی چەند دەیە لە هەوڵو تێکۆشانی گەلانی ئێران بۆ گەیشتن بە مافە ئینسانیو نەتەوەییەکانیانی لە دەستی خۆیدا پاوان کرد، بۆ بەهێز کردنی دەسەڵاتو پێگەی خۆی لە ئاستی نێوخۆییو جیهانی دا ویستی بە کەڵك وەرگرتن لە بۆشاییەك کە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی ئیسلامی ـ سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا بەدی دەکرا کەڵك وەربگرێو لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی خۆی رایگەیاند کە: "ئامانجی حکوومەت خزمەتکردنە بە ئیسلام لە ڕێگای کەلك وەرگرتن لە ئیمکاناتو توانای خەڵك". هەر بۆیە بە دامەزراندنی سیستمێکی دەستکرد لە چەشنی "نیزامی ویلایەتی فەقیە" خۆی وەك ڕێبەری هەموو موسوڵمانانی جیهان پێناسە کردو پرۆژەی هەناردنو بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیی بە ڕێبەریی ئایەتوڵڵاکانی ئێران هێنایە کایەوە.

بێگومان سیستمێك بەم تایبەتمەندییانەوە بۆ سەپاندنو سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لەو سەردەمەدا پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەری وەك دژ بە ئیمپریالیست بوون، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی ئێران، نیشاندانی رواڵەتێکی خەڵك سالاریو ئینسانی لەخۆیو پەرەپێدان بە بیری ئایینی ئیسلام لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات هەبوو. بەڵام لە هەمان کات دا لەگەڵ کۆمەڵێك کۆسپ چ لە ئاستی ئێرانو چ لە ئاستی ناوچەو جیهاندا بەرەوروو بوو: وەك شکڵ گرتنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە ئێران دا لە ئاکامی خەباتی چەندین ساڵەی گەلانی ئێران دژ بە ستەمو چەوساندنەوە، تێکچوونی باڵانسو هاوسەنگیی هێز لە ئاستی ناوچەییو جیهانیو ڕەوتی روو لە گەشەی بیرو ئەندێشەکانی سەردەم بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە هەموو بنەما نەریتییەکانی کولتوور، ئابووریو سیاسەتو...

هەرچەند ڕێژیمی ئیسلامیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە یەکەم ساڵەکانی دەسەڵاتی خۆیدا سەرەڕای ئەوە کە دیاردەیەکی نامۆ بوو لەسەر نەخشەی جوغرافیای سیاسیی جیهان، بەڵام توانی لە ڕێگای پەرەپێدان بە تاکتیکە سیاسیو بیرۆکە نەریتییەکانی خۆی بە جۆرێك سەرنجی بزووتنەوە بناژۆ مەزهەبییەکان بۆ لای خۆی رابکێشێو کۆمەڵگەی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ بکا. بەڵام ئەم نیزامە بە شێوەیەکی پارادوکسیکاڵ لە دوو رەهەندی تەواو جیاوازەوە دەستی کرد بە پتەو کردنی پێگەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی.

یەکەم: باس کردن لە دابینکردنی عەداڵەتێکی خەیاڵی، زیندوو کردنەوەی بنەماکانی ئیسلامی (بەپێی لێکدانەوەکانی خۆیان)و پێکهێنانی دەرفەت بۆ پیادەکردنیان.

دووهەم: دروست کردنی چەندین دامودەزگاو بنیاتی جۆراوجۆری وەك بەسیج، سوپای پاسداران و پاکژ کردنی فەرهەنگی، سەرکوتو کوشتو کوشتاری هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەو جیابیرانو پێکهێنانی کەشوهەوایەکی پڕ لە ترسو تۆقاندن.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەم ڕێگایانەوەو هاوکات دەیویست بە پیرۆز کردنی خۆیو کێشانی هێڵی سوور بە دەوری هەموو و یاساو ڕێساکانی دەسکردی خۆی ڕەواییەکی نێوخۆییو جیهانی بۆ خۆی دەستەبەر بکا تا بتوانێ بەستێنێکی ئەمنییەتیی بەهێز بۆ گەرەنتی کردنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی مسۆگەر بکا.

بەڵام ئەم سیستمە جگە لە کێشە دەرەکییەکان، لەنێو خۆشیدا لەگەڵ دوو گوتاری جەوهەریو دژەبەر بەرەوڕوو بوو، یەکەم: گوتاری حکوومەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای "ویلایەتی موتەڵەقەی فەقیە"، دووهەم: گوتاری کۆماریخوازی کە لەودا بنەما شەرعییەکانی ئیسلام پیادە بکرێن. بەڵام تەمەنی ٢٨ ساڵەی ئەم سیستمە سەلمێنەری ئەم راستییەیە کە تەنیا گوتارێك کە تا ئێستا لە کردەوەدا پیادە کراوەو کاری پێکراوە گوتاری سەرکوتو کوشتنو بڕین لەپێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان دا بووە.

کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام لە قەیرانی ڕەواییو مەترسیی نەمانی دەسەڵاتەکەیدا بووە، لە هەموو فاکتۆرێك تەنانەت بەها مەزهەبی، دەسکەوتە زانستیو مەعریفەکانی دنیای مۆدێرنیش بەپێی راڤەکردنی خۆیو دیدێکی ئامرازییەوە کەلکی وەرگرتوە، تا لەم ڕێگایەوە بتوانێ بە کەلك وەرگرتن لە زانستەکانی سەردەمو ئەقلیەتی چەواشەکاریانەی روخسارێکی بەرواڵەت ئەمڕۆیی لە ئاستی جیهانیدا بە خۆی دروست بکا. بەڵام جەوهەرو نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە بەتایبەت لە کردەوەدا زۆر لەوە رەشترن کە بتوانێ بە چەواشەکاری بیروڕای گەلانی ئێرانو جیهان فریو بدا. هەربۆیە ئێستا دەبینین کە فاکتۆرە ئامرازییەکانی وەك ئیسلامی سیاسی، شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق، دوژمن تاشیی دەرەکی، مانۆرەکانی دەورانی دووی جۆزەردان، دروستکردنی وڵاتانی بەناو دۆستو هاوپەیمان، دروستکردنو پشتیوانیی ڕێکخراوە بناژۆکان، تیرۆرو تێرۆریست پەروەوری و... لە پاراستنی نیزامی ئیسلامیی ئێران دا نەتەنیا سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو زۆربەی چەمکە دەسکردەکانی ئەم نیزامە کە تەنیا دروشم گەلێکی رووت بوون، نەتەنیا نەبوونە هۆی ڕەواییبەخشین بەم نیزامەو بەڵکوو ئاکامەکەی هەرەسهێنانی پرۆژەی ئیسلامی ـ سیاسییە بە شێوەیەك کە ئەمڕۆکە لە نێو خودی ئەم سیستمەدا دەسەڵاتدارانو ئیدئولۆگەکانی ئەم ڕێژیمە تووشی قەیرانو ناکۆکییەکی رووخێنەرو بنبەستێکی مێژووی بوون.

جگە لەمانە ئەمڕۆکە کۆدەنگییەك لە بیروڕای گشتیی نێوخۆو جیهانو بەدژی سیاسەتو کردەوەکانی ئەم حکوومەتە دەبینین کە بەدوای هەوڵەکانی حکوومەتی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی، پێك هاتوەو ڕۆژ بەرۆژی توندترو راشکاوانەتر خۆی دەردەخا. هەرچەند ڕێژیم زۆری هەوڵ دا ئەو تێزە بەسەر خەڵکی ئێران دا بسەپێنێ کە هەڕەشەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ئورووپایی رووی لە هەموو خەڵکی ئێرانە نەك بەتەنیا ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران. هەرچەند کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەك کەوتۆتە پەلاقاژەوە بۆ پەیدا کردنی گەرەنتییەك بۆ مانەوەی خۆی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بیروڕای گشتیی جیهان وێڕای گەلانی ئێران هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕە کە ئەم ڕێژیمە نەتەنیا بەهیچ شێوەیەك نابێ دەستی بە چەکی ناوکی رابگا بەڵکوو یان دەبێ واز لە هەموو سیاسەتو کردەوە سەرەڕۆیانەو دژە مرۆییەکانی خۆی بێنێ یان کۆمەڵگای جیهانی چیدی بوونی سیستمێکی دیکتاتۆرو ئاژاوەگێڕی لەم چەشنە تەحەمول ناکا.

ئەم ڕێژیمە کە تووشی ریسواییەکی نێونەتەوەیی بووەو هیچ پێگەیەك نە لە ئاستی ئێرانو جیهان دا بۆخۆی نابینێ بۆیە بوونو مانەوەی خۆی تەنیا لە شەڕو ئاژاوەنانەوەدا دەبینێ. لەم پێناوەش دایە لە ڕێگای دروستکردنی گرووپە توندرەوەکانو پەروەردەو یارمەتیدانی ئەوان دەست لە کاروباری زۆربەی وڵاتانی دنیا وەردەدا تا لەم ڕێگایەوە هەم ئەم وڵاتانە رووی ژیانێکی ئاسوودەو سەقامگیر بەخۆیانەوە نەبینن و هەم ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی لەسەر خۆی لابەرێ.

ئەگەر چاوێك بە کێشەی ناوکیی ئێران لە ئاستی جیهانی و هەڵویستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەم پێوەندییەدا بخشێنن دەبینین کە دوای ئەوە کە ڕێژیمی ئێران هەموو ڕێگاچارە دیپلۆماتیكو ئاشتیخوازانەکانو هەروەها ئەو دەرەفەتو ئیمتیازانانەی کە لەبەردەمیان دانا بۆ ئەوەیکە واز لە چەکی ناوکیو کردەوە تیرۆریستیو ئاژاوەگێڕییەکانی بێنێ وەلا نا، ئەمڕۆکە وڵاتانی ئورووپاییو ئامریکا هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕە کە جگە لە گەمارۆی ئابووریی ڕێژیمی ئێران، باس لە ئەگەری هێرشی نیزامییش بۆ سەر ئەم ڕێژیمە ڕەت نەکەنەوەو وەك فاکتەرێك لەبەرامبەر پاوانخوازییەکانی ئەم ڕێژیمە بیهێننە بەر باس. تەنانەت ئەم وڵاتانە دەیانهەوێ راپۆرتەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکییش لەسەر ئێران لەبەرچاو نەگرنو یەك لایەنە بڕیاری کۆتایی خۆیان بەدژی ڕێژیمی ئێران دەربکەن. کە ئەوەش بەجۆرێك پووچەڵکردنەوەی هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێرانە بۆ یاری کردن بە ئاژانسو نفووز کردن لەودا.

بەڵام مەسەلەی جێگای سەرنج لەم پێوەندییەدا دڵخۆشکردنی ئێران بە پشتیوانیی دوو وڵاتی وەك چینو رووسیەیە. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەو ئیمتیازانەی کە بە دوو وڵاتی وەك چینو رووسیەی دەدا، بە بڕوای خۆی دیهەوێ هەم پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی رابکێشیو هەم کەلێن بخاتە نێو هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزی جیهان بۆ ئەوەی نەگەنە هاودەنگییەك لە دژی ئەو. ئەوە لە حاڵێك دایە کە تا ئێستاش ئەم دوو وڵاتە هیچکات پشتیوانیی راستەوخۆی خۆیان لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی رانەگەیاندووەو لەم نێوەدا تەنیا بە دیدێکی بەرژەوەندخوازانەو وەك فاکتەرێك بۆ ئیمتیاز وەرگرتنو بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ئاستی ناوچەییو جیهانیدا لەبەرامبەر ئەمریکاو وڵاتانی ئورووپایی چاو لێ ئێران دەکەن.

بێگومان بناغەی هەموو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکی درێژ یان کورتخایەنە. بەڵام ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەمڕۆکە بۆ وڵاتانی وەك چینو رووسیە ئێران وەك بەرژەوەندییەکی کورتخایەن چاوی لێ دەکرێو تا ئێستاش بە دانی ئیمتیازە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران بەم وڵاتانە ئەم راستییە سەلمێنراوە. بەڵام ئایا وڵاتێکی وەك ئێران کە ئەمڕۆکە لە هەموو ڕەواییەکی نێوخۆییو دەرەکی بە دوورەو لەگەڵ گوشاری ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەرەو ڕوویە، تا چەند دەتوانێ ببێتە هاوپەیمانێکی ستراتیژیك بۆ ئەم وڵاتانە؟

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم راستییانە ئەم چەند پرسیارە دێنە گۆڕێ کە ئایا ڕێژیمی ئێران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی تا کەی دەتوانێ سەروەتو سامانی خەڵکی ئێران لە گەرووی بەنێو هاوپەیمانەکانی خۆی رابکا؟ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ناتوانێ یا نایهەوێ هیچ جۆرە پێکهاتن یان نەرم نواندنێکی لەبەرامبەر سیاسەتی دیالۆگو دیپلۆماتیکی ڕۆژئاوادا هەبێ؟ یان ئایا تواناکانی ڕێژیمی ئێران بۆ خۆنەگونجاندن لەگەڵ خواستەکانی گەلانی ئێرانو جیهان دا تا چ رادەیەکە؟ ئایا ڕێژیمێك کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئامادەیە پەنا بۆ هەر کردەوەیەکی دژی ئینسانی بەرێو وڵاتێکی تووشی هەژاریو قەیران کردوە، تا چەند دەتوانێ جێی متمانەی کۆمەڵگەی جیهانی بێ؟

لە پێوەندیی لەگەڵ کێشەی ناوکیی ئێرانو هەموو ئەو کارو کردەوە سەرەڕۆیانەی لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەییو جیهانیدا ئەنجامیان دەدا، دەبێ ئەم راستییە وەبەرچاو بگرین کە ئەم ڕێژیمە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا کە نیشاندانی روخسارو هەڵوێستێکی لۆژیکییە لەبەرامبەر خواستەکانی گەلانی ئێرانو هەڵوێستی یەکدەستو راشکاوی ڕۆژئاوادا، هیچ ڕێگایەکی جگە لە پاشەکشە نیە. بێگومان هەر پاشەکشەیەکی ئەم سیستمەش بە واتای مەرگی بەرەبەرەی خۆیەتی. چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم لە بواری پێکهاتەی حکوومەتییەوەو هەم لە بواری فکریو ئیدئولۆژیکیەوە لەگەڵ شکست رووبەرو بووەو ڕۆژ بە ڕۆژی لە بنبەستی کۆتایی خۆی نزیکتر دەبێتەوە. ئیتر دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێ ئەم راستییە قبووڵ بکەن کە جیهانی ئەمڕۆ ناتوانێ سیستمێکی لە جۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەخۆ بگرێ.




**کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام لە قەیرانی ڕەوایی و مەترسیی نەمانی دەسەڵاتەکەیدا بووە، لە هەموو فاکتۆرێك تەنانەت بەها مەزهەبی، دەسکەوتە زانستی و مەعریفەکانی دنیای مۆدێرنیش بە پێی راڤەکردنی خۆی و دیدێکی ئامرازییەوە کەڵکی وەرگرتوە، تا لەم ڕێگایەوە بتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە زانستەکانی سەردەم و ئەقلیەتی چەواشەکاریانەی روخسارێکی بەرواڵەت ئەمڕۆیی لە ئاستی جیهانیدا بە خۆی دروست بکا.**

**لە پێوەندیی لەگەڵ کێشەی ناوکیی ئێران و هەموو ئەو کارو کردەوە سەرەڕۆیانەی لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیدا ئەنجامیان دەدا، دەبێ ئەم راستییە وەبەرچاو بگرین کە ئەم ڕێژیمە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا کە نیشاندانی روخسارو هەڵوێستێکی لۆژیکییە لەبەرامبەر خواستەکانی گەلانی ئێران و هەڵوێستی یەکدەست و راشکاوی ڕۆژئاوادا، هیچ ڕێگایەکی جگە لە پاشەکشە نیە. بێگومان هەر پاشەکشەیەکی ئەم سیستمەش بە واتای مەرگی بەرەبەرەی خۆیەتی**

# سوسیال دێموکراسی چیه؟

## ( بەشی یەکەم )

وەرگێڕان لە سوئێدییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی سوئێدی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سۆسیالیزم چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە کە کەماڵی حەسەنپوور وەری‌گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

پێشەکی

هەر مرۆڤێکی سۆسیال دێموکرات وەڵامی تایبەت بە خۆی بۆ ئەو پرسیارە هەیە کە مانای سۆسیال دێموکراسی چیە. سۆسیال دێموکراسی، نە هێشتا و نە لە رابردووشدا، قەت حیزبێک نەبووە بە کۆمەڵێک وشکە باوەڕی نەگۆڕ کە هەموو ئەندامەکانی دەبێ پەیڕەویی لێ بکەن.

هە ر چۆنێک بێت، پێکهاتەیەکی مێژوویی فکری هەیە کە لە ماوەی پتر لە سەد ساڵ لێکۆڵینەوە و سیاسەت کردنی بە کردەوە ڕێکوپێک کراون و بوونە بناغەیەک بۆ کاری حیزب. ئەو کۆمەڵە بەهایانە (Values)، شی کردنەوەی کۆمەڵگا، خەونەکان لە مەڕ کۆمەڵگای سبەی و لە هەمان کاتدا سیاسەتەکانی بە کردەوە لە بۆ کۆمەڵگای ئەوڕۆ دەگرنەوە.

ئەو کتێبە مامەڵە لە گەڵ نەریتی ئەو فکرانە دەکات: چۆن گەشەی کردوە، ئێستا چۆنە و چۆن دەکرێ بۆ تێگەیشتن لەو قۆناغی ئاڵ و گۆڕە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆمان پێیدا تێپەر دەبێت کەڵکی لێ وەرگیرێت. لەو ڕووەوە ئەوە ناساندنی پێکهاتەی مێژوویی فکرەکان و لە هەمان کاتدا گفتوگۆی ئەوڕۆی ناو سۆسیال دێموکراسی‌یە لە سەر فکرەکان. هاوکات ئەوە وەڵامی تاکیی خۆمانە بۆ ئەو پرسیارە کە سۆسیال دێموکراسی چی‌یە.

ستۆکهۆڵم ئاگۆستی ١٩٩٦
ئینگڤار کارلسۆن - ئان - ماری لیندگرێن

سەرەتا

لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شاری نۆرشۆپینگ یەکێک لە مەزنترین شارەکانی سوئێد لە بواری پیشەسازی‌یەوە بوو و کارگەکانی بەرهەمهێنانی قوماش بەشی سەرەکیی ژیانی پیشەسازی ئەو شارەیان پێک دەهێنا. لە ساڵی ١٨٩٤ نزیکەی ٤٠٠٠ کەس (ژن و پیاو) لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی قوماش لە نۆرشۆپینگ کاریان دەکرد. ڕێژەی ناوەندی بەرهەمهێنانی هەر کرێکار لە کارگەکانی خوری لە ساڵدا ٢٦٩٦ کرۆن دەنرخێندرا، داهاتی مامناوەندیی کرێکارێکی مێی مەکینەی تەون لە ساڵدا بە دەگمەن لە ٥٠٠ کرۆن تێپەر دەبوو، ئەو داهاتە بۆ شەش ڕۆژ کار لە حەوتودا و ١١-١٠ کاتژمێر کاری ڕۆژانە بوو. ساڵانەش هیچ پشوو دانێک نەبوو جگە لە چەند ڕۆژ پشوودان لە کاتی کریسمەس و جەژنی نیوەی هاوین[١].

ئەو داهاتە هێندە کەم بوو کە خەڵک تەنیا دەیتوانی بژیوی ڕۆژانەی پێ دابین بکا. ئەوانەی دەزووی زۆر باشیان لە خوری دروست دەکرد هیچ کات توانای کڕینی ئەو دەزوویانەیان نەبوو.

لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری کە ساڵی ١٨٩٤ لە سەر مەرجەکانی ژیانی کرێکارانی بەرهەمهێنانی قوماش بەڕێوە چووە ئەوە ئاشکرا دەکات کە تەنیا ئەوانەی کە پلەی بەرپرسایەتی‌یان هەبووە توانای کڕینی خانوویەکی‌یان هەبووە کە لە یەک هۆدە و چێشتخانە گەورەتر بووە؛ یەک لە سەر سێی کرێکارەکان کە زۆربەیان خاوەن بنەماڵە بوون لە بە ناو "هۆدەی سۆبە ئاسن"دا دەژیان واتە خانوویەک کە چێشتخانەکەی لە ژووری دانیشتن جیا نەبوو.

بودجەی خێزانەکان ئەوە ئاشکرا دەکا کە خواردنی سەرەکیی خەڵک لە هەلیماوی گەنم، نۆک، پەتاتە و جۆرە ماسی‌یەکی درێژ و باریک کە لە سوێد پێی ئەوتری (Sill) پێک دەهات. خەڵکێکی زۆر کێشەی کەم خۆراکییان هەبوو. ڕاپۆرتەکانی فەرمانبەری پزیشکی شار باس لە ڕەوشی زیانبەخشی کار دەکات کە تۆزی قوماش دەبووە هۆی کۆخەی درێژ خایەن کە لە خراپترین شێوەیدا دەبووە هۆی نەخۆشی سیە و سیل و زگهێشە و هەروەها ڕێژەی زۆری ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی مەکینەکان.

نێونجی تەمەنی کرێکارێکی قوماش تەنیا بڕێک پتر لە ٤٠ ساڵ بوو. منالان بۆ ماوەی ٦ ساڵ دەچوون بۆ قوتابخانە و پاشان کاتی ئەوە دەهات کە کارێک بدۆزنەوە و یاریدەدەری بژیوی بنەماڵە بن. کرێکارێکی دوازدە ساڵانە لە بەشی پیشەسازیی قوماشدا دەیتوانی لە ساڵێکدا بڕی ٢٠٠-١٥٠ کرۆن یارمەتی بودجەی بنەماڵە بکات.

ڕێژەیەکی زۆر کەم مافی دەنگدانیان هەبوو. مافی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان و ئەنجومەنی شارەوانی تەنیا بۆ ئەو کەسانە بوو کە داهاتی ساڵانەیان ٨٠٠ کرۆن یا خود پتر بوایە. تەنیا ئەوانەی کە پلەی سەرپەرشتیاریان هەبوو داهاتیان دەگەیشتە ئەو ڕادەیە.

جگە لەوە ئەو کەسانەی هەنگاویان بۆ بە ئەندام بوون لە سەندیکایەکی کرێکاری هەڵێنابا بەرەوڕووی مەترسیی دەرکرانی دەست بە جێ لە کار دەبوون.

ئەوە وەسفێکی ساکار و کۆ کراوەی پێشینەی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی کرێکاری لە سوئێدە. پێشکەوتنە تەکنیکیەکانی سەدەی نۆزدە و سیستەمی بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ کە ئەو پێشکەوتنانە هەلیان بۆ ڕەخساند؛ بوونە هۆی پێکهاتنی سامانی زۆر گەورە. بەڵام ئەو سامانانە بە شێوەیەکی نا یەکسان دابەش کرابوون. بێدادی بە شێوەیەکی زۆر ڕاستەقینە هەستی پێ دەکرا و زۆربەی خەڵک لە نزیکەی هەژاریی تەواودا دەژیان: ماوەیەکی درێژخایەنی نەخۆشی دەبووە هۆی سڕینەوەی ئابووری بنەماڵە هەژارەکان و کزیی ئابووریی وڵات دەبووە هۆی دەرکرانی دەست بەجێ لە سەر کار. بۆ ئەو کەسانەی کە پیر بوون یا خود توانای کار کردنیان نەبوو تەنیا شوێن بۆ پەنا بردن ماڵی هەژاران بوو.

جووڵانەوەی کرێکاری لە ناو ئەزموونی سەختی هەژاری، شەرمەزاری و بێ عەداڵەتی سەری هەڵدا. هەر چۆنێک بێت، ئەوە بیروبۆچوونە سۆسیالیستی‌یەکان بوون کە شێوەی پێکهێنانی ناڕەزایی دەربڕینەکانانیان دەستەبەر کرد و ئەو ڕێکخراوەیەی دروست کرد کە بووە هۆی وەرچەرخانێکی نوێی سیاسی.

### سەرچاوەکانی ئایدۆلۆژی

ئایدیۆلۆژیی سۆسیال دێموکراسی چەند سەرچاوەی جیاوازی هەن. بۆ دەربڕینی بەها سەرەکی‌یەکانی دەکرێ درووشمەکانی شۆڕشی فەرانسە بە کار بێن: ئازادی، یەکسانی، برایەتی. ئەوانەش بە نۆبەی خۆیان دەکرێ شوێنیان لە فکری بایەخی یەکسانی مرۆڤەکاندا بدۆزرێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، ئایدیۆلۆژیی جووڵانەوەی نوێی کرێکاری تەنیا مەسەلەی بەهاکان نەبوو بەڵکوو لە سەر شیکردنەوەی کۆمەڵگا دامەزرا بوو: مودێلێک کە دەتوانرا بۆ شیکردنەوەی هۆی سەرهەڵدانی بێدادیەکان کەڵکی لێ وەرگیرێت. فرێدریک ئینگێلس و کارل مارکس شێوازی بنەڕەتی ئەو شیکردنەوەیان دامەزراند کە تێکەڵاوێکی فەلسەفەی مێژوو، زانستی ئابووری و کۆمەڵناسیی بوو. هێڵە جیاوازەکانی فکری لە ناو ئەو باوەڕە سیاسیانەدا کە خۆیان لە ناو بیروبۆچوونی سۆسیالیزمدا دەبیننەوە (دەستەواژەیەک کە دەتوانێ گەلێک فریودەر بێ چونکە هێڵە جیاوازە فکری‌یەکان لە زۆر بارەوە گەلێک لێک جیا بوون) پاشان ئەم مودێلە فکری‌یەیان گەشە پێداوە، پێوەیان زیاد کردوە یا خود لێیان کەم کردۆتەوە.

یەکێک لە خاڵە سەرەکی‌یەکانی مودێلی مارکسیستی، ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوویە. مەبەست لەوە، بە شێوەیەکی ساکار، ئەوەیە کە گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان ( تێکنۆلۆژی و ڕێکخستنی هێزی کار) بۆ چۆنیەتیی گەشەکردنی کۆمەڵگا بڕیاردەرن، ("سەرخانی کۆمەڵایەتی" The social superstructure). ئەوە بووە هۆی ئەو ئەنجامە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سۆسیالیزم دەبێ هەندێک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە شێوەی داڕشتنی ئابووریدا پێک بێت: تەنیا کاتێک کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆنترۆڵی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو زۆرینەیەی کە لە ناوەندەکانی پیشەسازیدا کار دەکەن دابێ و نەک بۆ بەرژەوەندیەکانی قازانجی تاکیی تاقمەی کەمی خاوەن سەرمایە، مرۆڤ دەتوانێ بە ئازادی و یەکسانی بگات.



چۆنیەتیی داڕشتنی ئەو کۆنترۆڵە جەماوەری‌یە و هەروەها شێوەی ئەنجام دانی ئەو بۆتە هۆی ناکۆکیی قووڵ لە نێوان ئەو تاقمە جیاوازانەی کە مۆری "سۆسیالیستی" یان پێوەیە. لە سەرەتادا هەر وەکوو بۆ خودی مارکسیش جوابەکەی ئەوە بوو کە خاوەنداری تاکیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (زەوی، سەرمایە، کارگەکان و کەرەستەی خاو) دەبێ نەمێنێ و کۆمەڵی کرێکار دەبێ خاوەندارەتی‌یەکەی بە دەستەوە بگرێت.

هەرچۆنێک بێت، مارکس بۆ خۆی گەلێک لە مەڕ چۆنیەتی ڕێکوپێک کردنی ئەو سەرپەرشتی‌یە جەماوەری‌یە ناڕوون بوو، ئەو ناڕوونی‌یەش بە ئانقەست بوو، چونکە ئەو هەروەک بۆ خۆی وتویەتی نەی ویستوە نوسخەی چێشتخانەیەکی هەژاران بۆ داهاتوو بنووسێ.

لە ناو بەشێکی بەرچاوی جووڵانەوەی سۆسیالیستی لە سەدەی نۆزدەدا مەسەلەی نەخشەدانانی بە کردەوە بۆ خاوەندارەتیی جەماوەری ڕۆڵێکی باڵادەستی لە گفتوگۆکاندا نەدەگێڕا. پرسیاری زۆر سادەتر وەک چۆن چینی کرێکار بتوانێ لە کۆمەڵگای خۆیدا خاوەن دەسەڵات بێ گەلێک گرنگتر بوو هەتا ئەو مەسەلەیە کە کاتێک کە ئەو دەسەڵاتە دەستەبەر بوو خەڵک چی بکات.

### ریفۆرمیسم یا خود شۆڕش

جووڵانەوەی کرێکاری لە ئاستی ئەو مەسەلەیە بە سەر دوو ڕێبازدا دابەش بوو، لایەنی شۆڕشگێری و لایەنی ڕیفۆرمیستی.

قوتابخانەی شۆڕشگێری سوور بوو لە سەر ئەو بۆچوونە کە دەسەڵات تەنیا بە ڕووخاندنی سیستەمی کۆن لە ڕێگای توونددوتیژی‌یەوە وەدەست دێت، کە ڕێگا بۆ خەڵک خۆش دەکا پرۆسەی گشتیی گۆڕانی کۆمەڵگا لە سەرەتاوە دەست پێ بکا. بە پێچەوانە قوتابخانەی ڕیفۆرمیستی لای وابوو کە دەسەڵات دەکرێ لە ڕێگای شێوازی ئاشتیخوازانە وەدەست بێت و کۆمەڵگا دەتوانێ بە چاکسازی وردە وردە ئاڵوگۆڕی بە سەر بێت.

لە ڕوانگەیەکی مێژوویی‌یەوە ئێمە دەتوانین ببینین کە چۆن ئەو بۆچوونانە لە ژێر کاریگەری مەرجە دەرەکی‌یەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی حیزبە سۆسیالیستەکان تیایدا کاریان کردوە دروست بوون. سۆسیالیستەکانی ڕووسی کە بێ بەزەیی‌یانە لە لایەن هێزە پۆلیسەکانی تزاری‌یەوە قەڵاچۆ کرا بوون یا خود پەڕیوەی تاراوگە ببوون شێوازی شۆڕشگێریان هەڵبژارد. سۆسیالیستەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا، کە ئەوانیش هەروەها قەڵاچۆ دەکران و ئەزیەت و ئازاریان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەدیت، بەڵام سەرە ڕای ئە وەش توانیان لە چوارچێوەی سیستەمی مەوجووددا کار بکەن و سەرکەوتوویی وەدەست بهێنن، ڕێگای ڕیفۆرمیستییان هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی ڕەوتی تێکۆشان لە پێناو وەدەست هێنانی دەسەڵات ئاکامی گەشە کردنی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی حیزبەکانی دیاری کرد. لە لایەنی شۆڕشگێری‌یەوە حیزبە کۆمۆنیستەکان سەریان هەڵدا و لە ڕیفۆرمیستییەوە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان. هەر کام لەو ڕەوتانە بوونە هۆی ڕێبازی گەلێکی جیاواز. حیزبە کۆمۆنیستەکان مۆدێلی تاکە حیزبییان هەڵبژارد واتە بە کردەوە دیکتاتۆریی سیاسی و ئابووری لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندیدا. حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان دێموکراسی و سیستەمی فرەحیزبی لە گەڵ بازاڕی ئازاد کە لە ڕێگای بڕیاری سیاسی بۆ مسۆگەر کردنی ئەو شتانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتی‌یەوە دڵخواز بوون هەڵبژارد.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# قەیران و ئامادەیی دوو ئەگەر

سامان کۆنەپۆشی



**بەرایی:**

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و ناکرێ پشتگوێی بخەین کە حیزبە کوردییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان هەنووکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی فکری و سیاسی بوونەتەوە و بە دەربڕینێکی دیکە، واقعی هەنووکەیی حیزبە خەباتکارەکانی خۆرهەڵات واقعێکی قەیراناوییە. بە داخەوە کۆمەڵێك کەس هەوڵ دەدەن کە ئەم ڕاستییە پشتگوێ بخەن و ئێستای خۆیان بە ئێستایەکی زۆر گەشاوە! نیشان بدەن و تەنانەت لە شانازیکردن بەم ئێستایەش خۆنابوێرن و بەردەوام باسی چالاکییەکانی خۆیان دەکەن. بەڵام بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو کەس یاخود لایەنانەی کە نکۆڵی لەم ڕاستییە دەکەن، یان لە دنیایەکی فانتازیی بەکیلومەتر دوور لە واقعدا دەژین و یان ئەوەی کە بە ڕۆژی ڕوون دەخوازن لە بەرامبەر خەڵکی خۆرهەڵاتی هێشتا بندەست و چەوساوەدا چەواشەکاری بکەن (کە بە سەرنجدان لە ئاستی وشیاریی سیاسیی خەڵکی خۆرهەڵات ئەمەش پتر لە خەونێك نیە). ئەگینا هەمووان دەزانن کە هەر بوونی ئەم قەیرانە فکری و سیاسییە و پشتگوێ خرانی لە لایەن هەندێ کەسەوە بوو کە لە ئاکامدا لەتبوون و جیابوونەوەی حیزبە سەرەکییەکانی ئەم پارچەیە لەکوردستانی لێکەوتەوە. ئەمانە هەر ئەو هێزە سەلەفی و تەقلیدییانەن کە توانای تەحەمولی هیچ چەشنە ڕەخنەیەکی ئاوەزمەندانەیان نیە و دەخوازن بە پشتبەستن بە ڕابردوویەکی پڕشانازی و بەرجەستە کردنەوەی فیداکارییەکانی دوێنێ واقعە ئێستاییە کاولەکەی خۆیان بشارنەوە.

بە هەر حاڵ، بە سەرنجدان لەم ڕاستییە بە پێویستم زانی کە ئەگەر بە کورتیش بێت، هەڵوەستەیەك بکەم لەسەر چەمکی قەیران، چونکە ئەم ساتەوەختە لە مێژووی ڕەخسکان (تکامل) ی کۆمەڵگە هەستیارترین قۆناخی مێژووە، و ئەگەر ئامانج بنیاتنانی جیهانێکی جوانتر و ڕازاوەترە، ئەوا دەبێ زۆر وشیارانە و بە هەست بە بەرپرسایەتی کردنێکی گەلێك زۆرەوە هەڵسوکەوت بکەین و هەڵوێست بگرین، چونکە هەموو هەڵوێست وەرگرتنێکی ئێستا کاریگەرییەکی زۆر لەسەر داهاتوو بەجێدێڵێت.

**مانای قەیران و ئەگەرەکانی بەردەممان:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی هێرمنۆتیکی (ڕاڤەکار)ە و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر شت یان دیاردەیەکدا سەرلەنوێ بە شێوەیەکی دیکە و لە ئاستێکی دیکەدا ڕاڤەیان دەکاتەوە و دەیانخوێنێتەوە. هەر لێرەوەیە کە لێڕوانین و تێڕوانینی جیاواز بە نیسبەت دیاردە و دۆزەکان بیچم دەگرن و بنەما و کۆڵەکەکانی بوونی جیاوازی و لێکدژی لە کۆمەڵگەدا دادەنرێن. هەر بۆیە دەبینین کە لە هەناوی هەموو کۆمەڵ یاخود کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا کۆمەڵێك بیروبۆچوون و ڕوانگەی جیاواز و لێکجیا لەسەر دۆز و دیاردە سیاسییەکان لە ئارا دان و ململانێ و پێکدادانە سیاسییەکان پێك دێن. هەموو کۆمەڵگەیەك لە ڕەوتی ڕەخسکانی خۆیدا، زۆرجار، بە قۆناخێك دەگات کە لەودا کێشمەکێش و ململانێ فکری و سیاسییەکان بەرادەیەك پەرەدەستێنن و قووڵ دەبنەوە کە دەگەنە ئاستی تەقینەوە، و تەقینەوەی ململانێی نێوان دژبەرەکانیش زۆرجار سەرسوڕمان و واقوڕمانی کاربەدەستە سیاسییەکانی بە دواوە دەبێت و کۆنترۆڵی دۆخەکە ئەستەم دەبێت. ئەم قۆناخە لە مێژووی ڕەخسکانی کۆمەڵگە پێی دەگوترێت: قۆناخی قەیران. قەیران لەگەڵ پیربوون و داڕزانی مەرجەع و میتۆدەکانی بیرکردنەوە و تێڕامان و لێوردبوونەوەی سیستمی فکری و سیاسیدا سەرهەڵ دەدات و پێویستیی پێداچوونەوە و نۆژەن کردنەوە و زۆرجاریش هەڵوەشاندنەوەیان دەکاتە شتێکی ئاشکرا و بەرهەست. لەم ڕوویەوە ئامادەیی قەیران هێمایە لە بوون و ئامادەیی فکر و ئیرادەی دابڕان، دابڕان لە ڕابردوو، دابڕان لە ئێستا و هەنگاونان بەرەو داهاتوو. ئامادەیی قەیران هێمایە لە چوونە ژێر پرسیاری توانستی وەڵامدەری و بەکاریی بەها و نەریتە خۆبەپیرۆززان و چەسپاوەکانی نێو سیستمی فکری و سیاسیی هەنووکەیی لە لایەن هێزە گۆڕانخوازەکانەوە. لەم سەردەمەدا کۆمەڵگە دەکەوێتە بەردەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانگەلێکی بنچینەیی و هەمەلایەنەی فکری و سیاسییەوە و لەم پرۆسەیەدا فکر و ئیرادە گۆڕانخوازەکان هەوڵ دەدەن هەرچی زیاتر خۆیان بەهێز بکەن و لە ڕەوتی ململانێ سیاسییەکاندا هێژموونیی خۆیان بەسەر هێزە بەپارێز و کۆنەپارێزەکاندا بسەپێنن. لەم ڕوویەوە ئامادەیی قەیران ئەگەری پێکهێنان و بنیاتنانی سیستمێکی فکری و سیاسیی نوێی کراوەتر دەڕەخسێنێت. هەر بۆیە ئەم قۆناخە بە دەرفەتێکی لەبار لەبۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری ئەرێنی و ئیجابی ئەژمار دەکرێت.

بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی دۆزەکەیە، نابێ لە بیرمان بچێت کە لە لایەکی دیکەوە هێزە تەقلیدی و سەلەفییەکان هەن کە بە شێوەی جۆربەجۆر ڕوخسار دەگۆڕن و هەوڵی بە لاڕێدا بردنی دۆزە سەرەکی و بنەماییەکان دەدەن. هەر بۆیە ئەم قۆناخە دەتوانێ تەنانەت قۆناخێکیش بێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەلەفییەت و ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆری لە ڕوخسارێکی دیکەیدا ئەمەش ئەگەرێکی بەهێزە. وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بە سەردەمی یونانی دێرین بکەین کە لەودا، "دیکتاتۆرەکان بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتدارانی ڕۆژگاری قەیران و هەڕەشە گەورەکان بوون. بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتێك بوون لە قۆناخی گواستنەوەدا ژیاون، واتە لە قۆناخی گواستنەوە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی دیاریکراوەوە بۆ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی دیکە."(١) لێرەدایە کە ئاگایی و وشیاریی تاکەکان و لایەنە گۆڕانخوازەکان فاکتەرێکی ئێجگار گرنگە بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگە بە گشتی لە قۆناخی قەیراندا لە بەردەم دوو ئەگەری بەهێز دایە:

١) ئەگەری بنیاتنان و دامەزرانی سیستمێکی دێمۆکراتیك و کراوە. وەدیهاتنی ئەم ئەگەرە لە دۆخێکدا لواو دەبێت کە هێزە گۆڕانخوازەکان هێژموونی پەیدا بکەن و کۆمەڵگە و کاربەدەستانی سیاسی دان بە ئامادەیی قەیراندا بنێن و هەموو تواناکان بۆ تێپەڕین بەرەو داهاتوو بخرێنە گەڕ. دیارە یەکێك لە ئاتاج و پێویستییە هەرە سەرەکییەکانی وەدیهاتنی ئەم ئەگەرە بریتییە لە بوونی کەشێکی بەتەواوەتی کراوە بۆ دەربڕین و هاتنەگۆڕی بیروبۆچوونە جیاواز و جۆربەجۆرەکان و ڕەخنەی ئاوەزمەندانە.

٢) ئەگەری دامەزران و بنیاتنانی دیکتاتۆرییەت. چونکە هەروەك گوترا دیکتاتۆرییەت "زۆرجار لە قۆناخی گواستنەوە و ژێرەوژووربوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دێتەکایەوە."[٢] لە دۆخێکدا وەدیهاتنی ئەم ئەگەرە بە هێز دەبێت کە هێزە تەقلیدییەکان و کاربەدەستانی سیاسیی بەپارێز و سەلەفی، ڕوانگە و بۆچوونە کۆنەکان لە فۆرمێکی دیکەدا بێننە بەرباس و هێژموونی پەیدا بکەن. ئەم لایەنانە بەردەوام لە هەوڵدان تا ڕێچکەی سەرەکیی گۆڕانەکان بە لاڕێدا ببەن و تەنانەت بە نکۆڵی کردن لە ئامادەیی قەیران پێش لە دەربڕین و هاتنە گۆڕی ڕەخنەی ئاوەزمەندانە و ڕوانگەی جیاواز بگرن.

لە کۆتایی ئەم وتارە کورتەدا ئەوەندە ماوە بڵێین کە نابێ لە بیرمان بچێت کە هەر چەشنە هەوڵێك، لە ژێر هەر ناو و دروشمێکدا کە بێت، بۆ پێشگرتن لە هاتنە گۆڕی ڕوانگە جیاوازەکان و دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونی تاك و گرووپەکان هێمایە لە بوونی خواستێك لەبۆ بنیاتنانی دیکتاتۆرییەت.

**(١) ـ ژمارە ١ گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە. سەرەتایەك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دیکتاتۆریەت. مەریوان وریا قانع.**

**(٢) ـ هەمان سەرچاوە.**

# وێك هەڵکردن و فرەخوازی

ئا: محەممەد عەزیزیان



وشەی " وێك هەڵکردن"بە مانای وشەی فەرانسەیی "tolerance" و وشەی ئینگلیسیی "toleration"ە. هەر کام لەم دوو وشەیە لە وشەی لاتینی tolerare وەرگیراوە کە بە مانای پێکەوە بوونە. لە ڕاستیدا tolerant بە کەسێك دەڵێن کە توانای تێگەیشتن و قەبووڵ کردنی بیرو باوەڕی جیاواز لە خۆی هەبێ. تێگەیشتن لە شتێك یان کەسێك بە مانای بڕیارپدانە لە سەر بابەتی بیرو ئەندیشە. کاتێك کە ئێمە لە سەر چەمکی "وێك هەڵکردن" قسە دەکەین دەبێ لەسەر وشەی ناساندن پێداگر بین. تەواوی بونیادو بنەمای فەلسەفیی چەمکی وێك هەڵکردن بابەتی "ناساندنی ئەویترە". چەمکی ویك هەڵکردن پێش ئەوەی قسەکردن بێ لەسەر هەلومەرجی کولتووری یا کۆمەڵایەتی و سیاسی، دەچێتە نێو چوارچێوەیەکی فرەخوازانە. فرەیی بەشێك لە مانای فەلسەفیی چەمکی وێك هەڵکردن پێك دێنێ.

چوارچێوەی بوون ناسیی فرەخوازی لەمەدا کورت دەکرێتەوە کە بە قەولی هانا ئارێنت هەر تاکێك زانیاریی هەیە لەسەر مرۆڤ گەلێك، نەك مرۆڤێك کە لەسەر زەوی ئەژی.

بەمانایەکیتر ژیانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بە شێوەی کۆمەڵیو فرەیییە. فرەخوازی ناوەڕۆکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤانەیەتی پێك دێنێ. کەواتە بە کۆمەڵ بوونی تاك یەکسانە بە زانیاریی ئەو لەسەر بوونی ئەوییتر.

لەهەر کوێ "من" هەبێ "ئەویی تریش" هەیە. ئەوییتر هەر ئەو کەسەیە کە بێ لە منە. ئێستا هەر کاتێکو لە هەر شوێنێك بابەتی "بێ لە من" لە گۆڕێدا بێ باسی جیاوازی دێتەگۆڕ. چونکە"من" لەگەڵ "بێ لە من" جیاوازیی هەیە. ئەم جیاوازییە بونیادو بنەمای بوون ناسیی فرەخوازییە کە لە تێك هەڵچوونو ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان بیرو بۆچوونو ئاواتە جۆراوجۆرەکان دا دێتەکایەوە.

لەوەیڕا کە ئاواتەکانو تێڕوانینەکانی ژیان لەگەڵ یەکتر جیاوازن لەبەر ئەم هۆیە هیچکات یەك تێڕوانین بۆ ڕاستیی ڕەها ناتوانێ دیاریکەری بەختەوەریی مرۆڤ بێ. ئەگەر وابێت ئێمە لە گرنگیی فرەخوازی دوور دەبینەوەو بابەتی "وێك هەڵکردن" ڕاستەوخۆ لە بیر دەچێتەوە. چونکە وێك هەڵکردن لە چوارچێوەی هەلومەرجی بوون ناسیدا کە باوەڕی بە یەکیەتی خوازیو باوەڕی بە تاکخوازیی تێڕوانینەکانی مرۆڤ هەبێ نایەتەگۆڕ.

دەبێ قبووڵ بکەین کە مێژوو جێگای فرەیی بەهاکانو ئاواتەکانو ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان ئەوانە.

کاتێك هیواکانو بەهاکان لە بەرامبەر یەکتر ڕادەوەستن لە لایەنی فەلسەفیو کۆمەڵایەتییەوە سێ هەلومەرج پێك دێ کە بریتین لە:

یەکەم: یان هیوایەکو بەهایەك بەسەر هیواو بەهاکانیتردا زاڵ دەبنو ئەوان لە ناو دەبا، لەم دۆخەدا ئێمە لە هەلومەرجی بوون ناسیی فرەخوازی دێینە دەرێو دەچینە نێو بازنەیەکی یەك بیریو یەك گوتاریو یەکیەتی خوازی کە لێرەدا توندوتیژی جێگای پێکەوە هەڵکردن دەگرێتەوە.

دووهەم: لەم دۆخەدا هیواکانو بەهاکان لە پاڵ یەکترن بەڵام پێکەوە ڕووبەڕوون، و تێکەڵ نابن. لێرەدا دەچینە ناو هەلومەرجێکی بێ هەڵوێستانە کە بنەمای تاکخوازیی خۆ ویستانەیە.

سێهەم: لەم هەلومەرجەدا بەهاکانو هیواکان لەگەڵ یەکتر جیاوازن بەڵام لە هەمان کات دا سەبارەت بە یەکتر بێ هەڵوێست نین. لێرەدا ئێمە هەلومەرجی وتووێژمان پێك هێناوە کە خۆی پێك هێنەری هەلومەرجی وێك هەڵکردنە. چونکە وێك هەڵکردن لەگەڵ وتووێژ دەگونجێ نەك لەگەڵ بێ هەڵوێستیو یان یەك بیریو یەك گوتاریدا. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە پێکەوە هەڵکردن پارادایمێکە، کە لەسەر بنەمای ئەم میکانیزمە بەهاو هیوا جیاوازو دژ بە یەکەکان پێکەوە وتووێژ دەکەنو ململانێیەکی ساغ لە نێوان ئەندیشەکانو نیشانە جۆراوجۆرەکان دا پێك دێ.

وێك هەڵکردن باشترین شێوەیە بۆ ژیان لە نێو ڕاستیداو بۆ ڕاستی. چونکە ئەو شوێنەی کە لەوێدا وێك هەڵکردن خوڵقێنەری وتووێژە، درۆو ریا هیچکات ناتوانێ بەسەر ڕاستیدا زاڵ بێ. لە کۆتاییدا قسەی "تامس جیفرسون"مان بیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت: ڕاستی بەهێزەو بەردەوام دەتوانێ لە بەرامبەر ڕەکابەری خۆی واتە درۆ دا، ڕاوەستێ، بە مەرجێك کە چەکی سروشتیی ئەو واتە مناقشەو، وتووێژی ئازادی لێ نەستێنین.

سەرچاوە: موج چهارم. رامین جهانبگلو

# هەڵاواردنی رەگەزی لە کتێبە دەرسی‌یەکانی ئێران دا

وەرگێڕان و کورتکردنەوەی: ئەمیر سەرڕووتی

ئەورۆکە لە ئێران و زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا، بابەتگەلێکی وەك مۆدێڕنیتە، کۆمەڵگای مەدەنی، دێموکراسی و مافی مرۆڤ گەشەی سیاسی و ئابووری، جیایی دین لە دەوڵەت، لە باسە گەرمەکانی رۆژن.

دوای ئەوەی لە ١٥٠ ساڵ بەسەر هاتنی باسی دنیای نوێخوازی و مۆدێڕنیتە بۆ وڵاتی ئێمە تێدەپەڕێ، ئەو راستی‌یە رۆژ بە رۆژ دەردەکەوێ کە: کۆمەڵگەی ئێمە بە شێوەیەکی زۆر رواڵەتی روانیویەتە ئەو مەسەلانە. لە ئاکامدا گرفتەکان وەك رابردوو لە جێی خۆیان ماونەتەوە. ئەوەش دوای چەندین ساڵ شەڕو کێشە، دەرکەوت کە گۆڕان بۆ مۆدێڕنیتەو نوێخوازی شتێکی حاشا هەڵنەگرە. شەڕی کوێرانەو دوژمنایەتیی بێسوود لەگەڵ بنەما فکری و دەرکەوتە کۆمەڵایەتی‌یەکان و دەسکەوتە کولتووری و سیاسی‌یەکانی نوێ بوونەوە ناتوانێ کۆمەڵگا لە بن بەست و قەیرانەکان لە بواری جۆراوجۆر دەرباز بکا. هیچی‌تر ناکرێ خەڵك بە رۆژئاوا بترسێندرێ.

رەوتی بەرەو پێش چوونی سەرمایەداری تەنیا پێکهاتنی چینە نوێیەکانی لێنەکەوتەوە. ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یە نوێیانی کە لەو رەوتەدا سەری هەڵدا، پێکهاتنی گرووپگەلێکی نوێی لێ کەوتەوەو هاوکات لە گەڵ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا، بزووتنەوە گەلێکی کۆمەڵایەتیی نوێ سەریان هەڵدا. مەسەلەی ژن و بزووتنەوەی ژنان لە نموونەی ئەو گۆڕانکارییەن. ژنان کە هاوشانی پیاوان بۆ وەدەست هێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هاتبوونە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی، دوای ماوەیەك لە پاڵ ئەو ئامانجە، وەدەستهێنانی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان و خەبات لە دژی نابەرامبەریی رەگەزایەتیشیان کردە ئامانجی خۆیان.

یەکێك لە شێوازە پاشەکەوتووەکانی پیاوسالاری بۆ مانەوەی خۆی، کەڵك وەرگرتن لە سیاسەتی هەڵاواردن (جدا سازی)ە. جیا کردنەوەی ژنان لە پیاوان و بەرتەسك کردنەوەی چالاکیی کۆمەلایەتیی ژنان کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان بنەمای گرفتەکانی ژیانی خۆیان جیا لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و لە ئاکام دا، تەنیا لە چوارچێوەی ژیانی خێزانی دا ببینن. ژنانی جیاکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتی، توانای لێکدانەوەی ریشەی کۆمەڵایەتی گرفتەکانی خۆیان نیە. ئەو ژنانە ئەگەر کێشەو گرفتی خۆیان بە بێشانسی لە قەڵەم نەدەن، بەو ئاکامە دەگەن کە بێتوانان، یا ئەو پەڕەکەی گرفتەکان بە شتێکی سروشتی دەزانن. ئەمڕۆکە لە روانگەی رەگەزایەتییەوە زۆر بەخێرایی و بە سانایی دەکرێ نێوەرۆکی دەوڵەت و هێزە سیاسی‌یەکان دیاری بکرێن و لە چۆنیەتیی روانینی ئەوان لەو بابەتە، پێگەو رێزی ئەوان لە سەرەرۆیی و سوننەت و یا لە دێموکراسی و نوێ بوونەوەدا دیاری بکرێ.

مەبەست لە هەڵاواردنی رەگەزی ئەو کردەوەو بۆچوونانەن کە بەپێی ئەو، ژنان ژێردەستەتر لە پیاوان لە قەڵەم دەدرێن و پیاوان بە سەریاندا زاڵن. ژن لەو روانگەیەوە کەم بایەختر لە پیاوەو، پیاو بە کردەوەو هەڵسوکەوت و پێش داوەرییەکانی خۆی هەوڵ دەدات، ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بکا. ئەویش ئیدئۆلۆژیی پیاو سالاری.

ئیدئۆلۆژیی پیاوسالاری پشتیوانی بێ ئەمو ئەولای دەسەڵاتی پیاوان بە سەر ژنان دایە. کۆمەڵگای پیاوسالار، بۆ رەگەزەکان، کۆمەڵگایەکی جەمسەری‌یە. هەموو شتێك بۆ ژنانەو پیاوانە دابەش دەکرێ. بەو پێی‌یە رەگەزەکان پەیرەوی ئەوکێشانەن و ئامادە نین دیواری کێشەکان بڕمێنن. ئەو کێشە جیاواز دانەرە لە سەر هەموو گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگا، هەر لە شوێنی پەروەردەو فێر کردنەوە بگرە تا کارو ژیانی خێزانی دەسەڵاتی هەیەو پەرە دەستێنێ.

یاساو کردەوەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، بە کردەوە کۆسپی رێگەی گەیشتنی خەڵك بە کارو بایەخی یەکسانن. تواناکان نەك بە ویستی تاك، بەڵکوو بە ویستی کۆمەڵگە دیاری دەکرێن. کۆمەڵگا بۆ زاڵ کردنی ئاکارێك بەشێك لە سۆزو عاتیفەکان دەکوژێ.

کۆمەڵگای نەریتی کۆمەڵگایەکە لەودا نابەرابەری لە نێوان گرووپە ئینسانی‌یەکاندا هەیە، و پیاو سالاریی زاڵ، بە شێوەی جۆراوجۆر، بەپێی ویستی خۆی، ژنان لە ئامرازی دەسەڵات و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی بێبەش دەکا. لە کومەڵگایەکی ئەوتۆدا چەکی ئەخلاق هەمیشە کەڵکی هەیەو کەرەستەیەك بووە بۆ وەدیهێنانی مەرامی پیاوسالارانە: لە کۆمەڵگای نەریتی‌دا، ئەخلاقی نەریتی ویژدانی پیاوسالاری لە رێگەی بنەماڵە، دەوڵەت، بیروڕای گشتی، مەزهەب و پەروەردەوفێر کردنەوە بە سەر کۆمەڵگا دادەسەپێ.

ئەخلاقی نەریتی وەکوو پارێزەرێکی بێ ئەملاو ئەولای نەبوونی جۆراوجۆرییەکان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەت ژنان، لە بنەڕەت ڕا رێگە لە هەر پرسیارێك و هەر جۆرە بیرو هزرێك دەگرێ. ئەخلاقی نەریتی بەردەوام هەڵگری بەها کلێشەییەکانی کۆمەڵگایە.

ئەخلاقی نەریتی هەر لە سەرەتاوە لە بنەماڵەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە. ئەو ئەخلاقە لە قوتابخانە، لە رێگەی کتێبە دەرسی‌یەکانەوە فێری منداڵ دەکرێ و لە ئاکامدا دەبێتە یەکێك لە بەهاکانی کۆمەڵگای پیاوسالار.

دەکرێ پەروەردە بە یەکێك لە کەرەستەکانی گەشە سەندنی ئابووری و کولتووریی وڵات ناو بەرین.

کێشەی نەخوێندەواری و پەروەردەی هەڵە، بەتایبەت سەبارەت بە ژنان دەکرێ لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا بە باشی ببینرێ. ئەمڕۆ بۆ زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی روونە کە، ناکرێ چاوپۆشی لە هۆکارەکانی وەك پێوەندیی یەکسان لە نێوان ئاستی پەروەردەو مەسەلەکانی وەك هەژاری و هەڵاواردنی رەگەزی لە گەشە نەکردنی کۆمەڵگادا، بکرێ.

لە دنیای هاوچەرخ دا بۆ گشت کۆمەڵگاکان دەرکەوتوە کە، کتێب و کەرەستە پەروەردەییەکانی قوتابخانەکان و هەروەها کتێبەکانی منداڵان و مێرمنداڵان، رۆڵێکی بنچینەیی‌یان لە پەروەردەو راگواستنی نۆڕمەکان، بەهاو بیرو باوەڕەکان دا، هەیە. لە خۆڕا نیە کە ئەدەبیاتی منداڵان لە ریزی قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی پەروەردەدا دادەنێن.

روانگەی زاڵ بە سەر کتێبە دەرسی‌یەکانی هەر وڵاتێك لە ئیدئۆلۆژیی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ. لەو روانگەیەوە، دەوڵەت لە ئێران، سەرچاوەی بنەڕەتیی زوڵم کردن لە ژنان و پەرەپێدەری هەڵاواردنی رەگەزییە. لە روانگەی بیرو هزری دەسەڵاتدارەوەیە کە ئازادیی کردەوەی ژنان و چوارچێوەی چالاکیەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی پیاواندا بەرتەسك دەکرێتەوە. پیاوەکان بە ئیمکاناتی لە رادە بەدەری ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی کە هەیانە، بەکردەوە رێگە لە هەر جۆرە چالاکییەکی ژنان لە دەرەوەی ماڵەکانیان دەگرن.

کۆماری ئیسلامی لە دەقە پەروەردەیی‌یەکانی خۆیدا، لە کتێبە دەرسی‌یەکان دا، ژێردەستیی ژنان بە بیانووی سروشتی بە شتێکی حاشا هەڵنەگر دادەنێ.

ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە تیۆری شێواز دیاری دەکاو بنەمای کۆمەڵگا لە سەر تیۆرییەکان وەستاوە، ئەو کات باشتر دەکرێ لە جیهانبینیی زاڵ لە کۆماری ئیسلامی‌داو چونیەتیی کردەوەو بۆچوونەکانی لە بارەی هەڵاواردنی رەگەزیی ئەو کتێبە دەرسی‌یەکان دا بگەین.

لە دەقە دەرسی‌یەکان دا، هەر وەك کۆمەڵگا، ژنان ئەکتەرو دەورگێڕی بوارێك لە ژیانی کۆمەڵایەتین کە پێشتر بۆیان لەبەر چاو گیراوەو ئەوان مافی نارەزایەتی دەربڕینیان سەبارەت بەو نیە. پیاو دەسەڵاتی خۆی بەکار دەباو ژن ئازارو سووکایەتی ئەزموون دەکا. هەر لەو پێوەندییەدا دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە: جیاوازی و بەهای حوقووقیی نێوان مرۆڤەکان لە گرەوی دەسەڵات و سەرمایەیەك دایە کە لە کۆمەڵگاوە بۆیان دانراوە یا پێیان دەبڕێ. بە چاوخشاندنەوەیەك بە کۆمەڵگای ئێران و پێوەندییەکانی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا، دەکرێ بە باشی بۆمان دەرکەوێ کە ژنان هەر بەو رادەیەی ژێردەستانی کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵات دا بێ توانان، ئەوانیش بێ دەسەڵاتن. کۆمەڵگای ئێران بە گشتی لە پیاوان و بیرو هزری پیاوانە پێك هاتوەو ژنان تەنیا بەشە پەراوێزخراوەکانی ئەو کۆمەڵگایەن.

ئەگەر قەبووڵ بکەین کە کۆمەڵایەتی بوونی منداڵان هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە دەست پێدەکا: کەوابوو دەبێ سەرنجی تایبەتی بە پەروەردە کلێشەییەکانیش بدرێ. لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێران دا، کوڕ لە سەرەتای لە دایك بوونیەوە لە چاو کچ، پلەو پێگەیەکی بالاتری هەیە. ئەو رۆڵە لە ساڵەکانی دواتر، بە هاتنی منداڵ بۆ قوتابخانە، بە سەرنجدان بە دەقە دەرسی‌یەکانی، درێژەی دەبێت. لەم رەوتەدا کەسایەتیی ژن تا ئەو ئاستە دادەبەزێ کە کارتێکەرییە نێگەتیڤەکانی هیچ کاتێك لە نێو ناچێ.

دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگای نەریتی بەباشی دەزانن کە کلێشەکان لە سەر زەینی منداڵ شوێندانەرترە لە زەینی گەورەساڵێك. لە سەر ئەو بنەمایە ئەوان لە رێگەی کتێبە دەرسیەکانەوە لە سەرەتای چوون بۆ قوتابخانەوە روانگەی ئاوێتە بە جیاوازیدانان بەتایبەتی لە بواری هەڵاواردنی رەگەزی دا لە منداڵ دا جێگیر دەکەن. قوتابی هەر لە سەرەتاوە فێر دەبێ بە چاوی سووك سەیری چ کەسانێك بکاو رێز بۆ چ کەسانێك دابنێ. چ تایبەتمەندی گەلێك لە خوێدا پەروەردە بکاو لە چ پوانێك سوودمەند بێ.

کۆمەڵگای نەریتی لە رێگەی دەقە دەرسی‌یەکانەوە فکرەکانی بەروەلایەك رێنوێنی دەکاو زۆر سروشتی‌یە کە منداڵی پەروەردە کراو لەو کۆمەڵگایە دا مرۆڤێکی تاك رەهەندی و یەك لایەنە بێن. کچ لە سەرەتای لە دایك بوونەوە پێی دەگوترێ کە ئەو رەگەزی لاوازو ناسکە، کەوابوو ژێردەستەترە.

کتێبە دەرسی‌یەکان بوونەتە سەرچاوەی پەروەردەی دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژن دا. ئەوەی لەو دەرسانەدا بایەخی هەیە دەسەڵات و داهێنانی

بۆ لاپەرەی٥



# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب.هانا

فیمینیزمی ژینگەیی Ecofeminism

ئیکۆفیمینیزم یەك لەو بزووتنەوە فیمینیستیانەیە کە بەڵگە دێنێتەوە سەرکوتی پیاو سەردارانە لە ژێر ناوی (سوودو پێشکەوتن) دا، سروشت لە نێو دەبا. ئەم بزووتنەوەیە بە زۆری لەو خەباتە جەماوەرییانەی بەدژی هێندێك پرسی وەك توانای ناوکی ( دوڕگەی تێری مایل)و چەکە ناوەکی‌یەکان ( گرووپی ئاشتیی گرینهام) بوون، پێك هات. ئیکۆفیمینیستەکان خوازیاری پێکهاتنی جۆرێك گۆڕان لە زانست، تێکنۆلۆژیی پیاوسەرداری‌داو، رۆیشتنی بەرەو جۆرێك ئابووریی بەردەوامی جیهانی، وێڕای کۆتایی هێنان بە سەرمایەداری و ناتەبایی‌یە دەروونی‌یەکانیان دەوێ ( ١٩٨٦ Griffin ١٩٧٨ & Rich و ١٩٩٣وMies & shiva).



ئێکۆفیمینیزم بایەخ دەدا بە پێکەوە بەستراوەیی و یەکیەتیی تیۆری و پراکتیك. ئێکوفیمینزم پێ لەسەر هێزو کەماڵی تایبەتی هەموو زیندەوەران دادەگرێ... ئێمە لە نێوچوونی زەوی و دانیشتوانی بەدەست هێرشبەرانی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان و هەرەشەی وێرانیی ئەتۆمی لەلایەن هێرشبەرانی نیزامی‌یەوە، لە ریزی ئەو پرسانەدا دەبینین کە فیمینیزم بایەخیان پێدەدا. ئەمە هەمان رۆڵی بکەرانەی پیاوانەیە کە حاشا لە مافی ئێمە لە بارەی لەشی خۆمان و هەستە جنسی‌یەکانمانەوە دەکاو، بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی، بە سیستەمە چەند رەهەندەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتی دەوڵەتی‌یەوە بەستراوەن (P.14 و ١٩٣٣و Mies & shiva). شۆرشێکی جیهانیی ژینگەیی، پێوەندییە جینسیەتی‌یەکان بەقەرا پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و سروشت بنیات دەنێتەوە (1983 و Merchant).

سەرچاوە: کتێبی " فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"،"لاپەرەکانی ١٣٤و١٣٥

# لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 473 6 Nov 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268


## ژمارە ٢٠ی گۆڤاری "تیشك"بڵاو بۆوە




ژمارە ٢٠ی گۆڤاری وەرزانەی"تیشك" كە كۆمیسیۆنی لێكۆڵینەوەو فێركردنی حیزبی دیموكراتی كوردستان دەری دەكا، بڵاو بۆوە. ژمارەی نوێی "تیشك" تایبەتە بە هاوینی ١٣٨٦و لە ١٧٦ لاپەڕە پێك هاتوە. ئەو بابەتانەی لە ژمارەی نوێی "تیشك"دا هەن بریتین لە: وتەی ژمارە (كە تەرخان كراوە بۆ یادكردنەوەی كۆمەڵێك ڕووداوی مێژووی حیزبو كوردستان) كە لە هاوین دا ڕوویان داوە)، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو كێشەی كورد، نەتەوەی ئێران دەستەواژەیەكی بێناوەرۆك، كێشەی ویلایەتی مووسڵو سیاسەتی ئیستعماریی ئینگلیس، وتووێژ لەگەڵ سمایل بازیار لەسەر شۆڕشی مەشرووتە، بنەما فكرییەكانی پێوەندیی نێوان ئێرانو هێزە توندڕەوەكان، لە كوردستانێكی سەربەخۆ بۆ كۆنفێدرالیزمی دیموكراتیك، دەزگاكانی ڕاگەیاندیان سەرچاوەی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژووی مرۆڤایەتی، ناسیونالیزمو جوغرافیا، شۆڕشی نەرم، خوێندنەوەیەكی نەرم یا هیماكراو، قەسیدەیەك بۆ ٢٥ی گەلاوێژ، چەند تێڕوانینێك سەبارەت بە تیئۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی شارستانییەتەكان، بۆچوونی پۆلێك لە مێژوو نووسان لەسەر كورد بوونی لوڕەكان، نەریت شكێنیو شكاندنی نەریتو هونەر لە ڕوانگەی چەند فەیلەسووفێكەوە.

---

## كۆچێكی ناوادەو شە پۆلێك لە هاودەردی

لە تووێی نامیلكەیەكی ٧٤ لاپەڕیو لە ژێر ناوی "كۆچێكی ناوادەو شەپۆلێك لە هاودەردی"دا هەڵبژاردەیەك لەو نووسین، شێعرو پەخشانانەی بە بۆنەی مەرگی تێكۆشەری ناودار عوسمان ڕەحیمی نووسراون، چاپو بڵاو بۆوە. "تایبەتنامەی كۆچی ناوەختی تێكۆشەر كاك عوسمان ڕەحیمی" ڕەزبەری ئەمساڵ لە لایەن چاپەمەنیی حیزبی دیموكراتی كوردستان، بڵاو كراوەتەوە. لەم نامیلكەیەدا ڕاگەیاندراوی كۆمیتەی




ناوەندیی حیزب بە بۆنەی كۆچی دوایی هاوڕێی تێكۆشەر عوسمان ڕەحیمی، بەیاننامەی دەفتەری سیاسی لەبارەی هاوپێوەندیی جێی شانازیی خەڵكو هێزە سیاسییەكان لەگەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستان بە بۆنەی مەرگی عوسمان ڕەحیمییەوە وێڕای ژیاننامەو كۆمەڵێكو وتارو پەیامی سەرەخۆشیو شێعرو پەخشانی جوان كە لە مەرگی عوسمانی ڕەحیمیدا گوتراونو نووسراون، سەرنج ڕادەكێشن.

## دیدارێك لەگەڵ خوێندكارانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە زانكۆكانی باشووری كوردستان

كاتژمێر ١١ی سەرلە بەیانیی ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ی هەتاوی، لە یەكێك لە سالۆنەكانی سەر بە دەفتەری سیاسی، كۆبوونەوەیەك بۆ خوێندكارانی كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە زانكۆكانی باشووری كوردستان، پێك هات.

كۆبوونەوەكە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێكرد. پاشان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە، باسێكی پێشكەش بە خوێندكاران كرد.

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سەرەتا باسێكی كورتی لە ڕۆڵو دەوری خوێندكاران لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵكی كوردستانو بە تایبەت لە نێو حیزبی دیموكراتدا كرد. تەوەرێكی دیكەی باسەكە پێوەندی بە ڕێفۆرمو نوێبوونەوەو ئەو گۆڕانانەوە هەبوو كە حیزبی دێموكراتی كوردستان هەنگاوی بۆ هەڵێناوەتەوە، بەڕێز مامۆستا لەم بەشەدا لەسەر پێویستیی بەشداریی خوێندكاران، ڕۆشنبیرانو توێژە ئاگاكانی كۆمەڵگا لەم پرۆسەیەدا پێی داگرت. بەشێكی دیكەی باسەكەی بەڕێز مامۆستا، ئاماژەیەك بوو بە پێوەندی دنیای دەروە لەگەڵ كۆماری ئیسلامیو ئەو گۆڕانكارییانەی كە لە هەڵوێستی وڵاتانی ئۆرووپاییدا بەرامبەر بە كۆماری ئیسلامی پێك هاتوە بە ئەرێنی وەسف كردو، ئاماژەی بەو مەترسیانە كرد كە لەسەر كوردانو بە تایبەت لەسەر ئەزموونی باشووری كوردستان هەیە. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا، ئاماژەی بە هەوڵی هەر دوو دەوڵەتی ئێرانو توركیە بۆ لەبار



بردنی ئەزموونی باشووری كوردستان كردو پێداگری لەسەر پاراستنی ئەو دەسكەوتە نەتەوەییە كردەوەو هەروەها باسی لەو پرشو بڵاوییە كرد كە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێرانو كوردستانەوە دیارە و هەر لەم پێوەندییەدا جەختی لەسەر زەروورەتی یەكگرتن لە نێو هێزە ئازادیخوازەكانو بە تایبەت هێزە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا كردەوە.

دوا بەدوای وتەكانی بەڕێز مامۆستا خوێندكاران پرسیار، تێبینی، ڕەخنەو پێشنیارەكانی خۆیان هێنا بەر باسو ڕوانگەكانی خۆیان سەبارەت بە باسە پێوەندیدارەكان پێشكەش بە كۆبوونەوە كرد كە لە لایەن مامۆستاوە پرسیارەكان وڵام درانەوە.

## فیلمەكانی پارێزگاكانی كوردستانو كرماشان لە فستیڤاڵی كورتە فیلمی تاران دا نمایش دەكرێن

PNA: ٢٤مین خولی فستیڤاڵی نێونەتەوەیی كورتە فیلمی تاران، لە چەندین بەشی جۆراوجۆردا لە ڕۆژانی ١٣ تا ١٨ی نوامبری ٢٠٠٧ (٢٢ تا ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٦) لە سینەما فەلەستینی شاری تارانو بە شێوەی هاوكات لە ٧ پارێزگای ئێران بەڕێوە دەچێت.

١٤ كورتە فیلمی بەرهەمی هونەرمەندانی پارێزگاكانی كوردستانو كرماشان كە بۆ بەشی كێبڕكێی سینەمای



نەتەوەیی ئێران، لە لایەن ئەندامانی لێژنەی هەڵسەنگاندنی فیستیڤاڵی كورتە فیلمی تاران دیاری كراون، بریتین لە:

١ـ "تب اخر" واتە "تەبی كۆتایی" لە دەرهێنانی "ناهید قوبادی"، ٢ـ "طلای سفید" واتە "زێری سپی" لە دەرهێنانی "بیژەن زەمان پیرا"، ٣ـ "نیان" لە دەرهێنانی كەیوان مەجیدی، ٤ـ "ماه اردلان" واتە "مانگی ئەردەڵان" لە دەرهێنانی ئومید ڕاستبین، ٥ـ"رهگذاران دره انار" واتە "ڕێبوارانی دۆڵی هەنار" لە دەهێنانی ئەشكان ئەحمەدی، ٦ـ "آخرین ترانه دختر همسایه" واتە "دوایین گۆرانی كچی دراوسێ" لە دەرهێنانی "ماشەڵڵا محەمەدی"، ٧ـ "پای بوم مەاندود" واتە "لە ژێر بومی تەمومژ كراودا" لە دەرهێنانی "بێهنام سەفەری"، ٨ـ "پیدا و پنهان" واتە "پەیداو شاراوە" لە دەرهێنانی "بورهان مەجیدی"، ٩ـ "شب و روز برفی"واتە " شەوو ڕۆژی بەفر" لە دەرهێنانی "دانش سڵەواتی"، ١٠ـ "عبور از خط زرد"واتە "پەڕینەوە لە هێڵی زەرد" لە دەرهێنانی"محەمەد ڕەزا باغبانی"، ١١ـ "چرا كودك من" واتە "بۆچی منداڵی من" لە دەهێنانی "ئەكبەر شەهبازی"، ١٢ـ "تهران ٣١٨" واتە "تاران ٣١٨" لە دەرهێنانی "سۆران مەردووخی"، ١٣ـ "منداب" لە دەرهێنانی "ئەشكان ئەحمەدی"، ١٤ـ "سرزمینم كرمانشاه" واتە "وڵاتەكەم كرماشان" لە دەرهێنانی "مەرزییە یاری میانە".

## مرواریی دەریای وشە

- كاتێك وشەكانت دەگۆڕی، جیهانت دەگۆڕی.
(كاترین پاندر)

- كاتێك ڕابردوو و داهاتوو دەبنە یەك، زەمەنی ئێستا بە تەواوی لەدەست دەدەین. (برایان رابینسۆن)

- هەر شتێك بیری لێ بكەیەوە، دەبی بە ئەو.
(ئانی كركوود)

- كاتێك تووشی بنبەست بووی، لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای نوێ دابە. (برایان رابینسۆن)

- هەر شتێك لە خەیاڵی ئێوەدا جێی هەبێ، دەستی ئێوەی پێ ڕادەگاو چاوەڕوانی ئێوەیە.
(ستیفان رت شانۆن)

## بەر لەماڵاوایی

# ڕوانگەی ناتەبا لەسەر یەك كێشە

مستەفا مەعرووفی

هاوكات لەگەڵ تۆپبارانی ناوچە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان لەلایەن هێزەكانی توركیەو ئێرانەوەو پاشان هەڕەشەی هێرشی نیزامیی توركیە بۆ سەر خاكی هەرێمی كوردستانو تەئیدی ئەو هێرشە لەلایەن پارلمانی ئەم وڵاتەوە، كێشەی كورد جارێكی دیكە بوو بە سەردێڕی هەواڵو باسی میدیای جیهانی. وەزیرانی دەرەوەی ئەمریكاو وڵاتانی ناوچە لە ئانكارا كۆبوونەوەو سەركۆماری توركیە ڕۆژی ٥ی نوڤەمبەر لە ئەمریكا چاوی بە جۆرج بووش كەوتو ئەو مەسەلانەیان تاوتوێ كرد.

كاتێك سەرنج دەدەمە قسەو هەڵوێستی كاربەدەستانی ئەمریكاو وڵاتانی دیكەی ئۆرووپایی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی كورددا بیرو بۆچوونی جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بەیەك دەبینم. P.K.K وەك بەرچاوترین هێزی بزووتنەوەی كورد لە باكووری كوردستان لە ڕوانگەی ئەمریكاو یەكیەتیی ئۆرووپاوە ڕێكخراوێكی تێرۆریستیە! لە چاوپێكەوتنی نێوان عەبدوڵڵا گولو جۆرج بووش دا پێ لەسەر ئەو دادەگیرێ كە: توركیەو عێراق پێكەوەو بە هاوكاریی یەكتر بەرهەڵستكارانی كورد سەركوت بكەن. بەڵام بە خۆشییەوە ڕوانگەی ئەمریكاو ئۆرووپا لەسەر هێزەكانی باشووری كوردستان ڕوانگەیەكی پۆزتیڤە. لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانیش دا، ئەم بزووتنەوەیە پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ ئەمریكاو وڵاتانی ئۆرووپاییدا هەیە، بەڵام ئەوان بە جیددی خۆ لە باس كردنی كێشەیەك بە ناوی كێشەی كورد لە ئێران دا دەبوێرنو خۆی لێ نادەن.

ئەو جۆراوجۆریو ناتەبایییە لە ڕوانگەی ڕۆژئاوا بە گشتیو ئەمریكا بە تایبەتی لەسەر بزووتنەوەی كورد لە پارچە جیاجیاكانی كوردستان دا لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ كە ئەوان بەیەك چاو ناڕواننە كێشەی كورد. لە ستراتیژیی ئەوان بۆ ناوچەدا كێشەی كورد وەك كێشەیەكی واحید سەیری ناكرێ. ئەو هەڵوێستە جۆراوجۆرەی ئەوان، پرسیارێكی جیددی دەخاتە سەر بۆچوونی كەسانێك لە نێو كورددا كە مزگێنیی سەربەخۆیی كوردستان لە داهاتووی سیاسەتەكانی ئەمریكا لە ناوچەدا بەدی دەكەن لە لایەكو لە لایەكی دیكەشەوە پرسیارێكی جیددی دەخاتە سەر نیگەرانیی شۆڤینیزمی فارس، توركو عەرەب لەو سەربەخۆییە. سەرەڕای هەڵوێستی ئەمریكاو وڵاتانی دیكە لەسەر كورد، كورد هەموو تایبەتمەندییەكانی نەتەوەیەكی تێدا هەیە، وەك خاكی هاوبەش، زمانی هاوبەش، فەرهەنگو هەستی هاوبەش. جگە لەمانە كورد ئامانجی سیاسیی هاوبەشی هەیە. هێزە گەورەو شوێندانەرەكانی كورد خوازیاری چارەسەری كێشەی كورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دان كە تێیدا دەژین. بەشی هەرە زۆری هێزی كورد خوازیاری دابین بوونی مافی نەتەوایەتی بە شكڵی فیدرالین. سەرەڕای جۆراوجۆریی حیزبو هێزە كوردییەكانو هێندێك جیاوازی لە بیرو بۆچوونیان دا كە لە پێویستییەكانی دیموكراسی دەژمێردرێ، هێزە كوردییەكان بۆ یەك ئامانج خەبات دەكەنو سروشتێكی هاوبەشیان هەیەو كێشەی كورد بە گشتی یەك كێشەیە.

ئەو بەشە لە كورد كە ئەمڕۆ لە باشووری كوردستان وەك "هاوپەیمان"و "جێگەی هیوای" ئەمریكاو هاوپەیمانانی یادی دەكرێ، دوێنێ خەباتێكیان بەڕێوە دەبرد كە ئەمڕۆ P.K.K لە باكووری كوردستان بەڕێوەی دەبا. ئەمڕۆ P.K.K كە لە ڕوانگەی ئەمریكاوە هێزێكی تێرۆریستە خەباتێك بەڕێوە دەبا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا كورد لە توركیە بەو جێگەیە بگا كە ئەمڕۆ كورد لە باشووری كوردستان پێی گەیشتوە. ئەو هەڵوێستە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ كە توركیە دۆستو هاوپەیمانی ئەمریكایە. كەوابوو ئەگەر خەباتی كورد لە دژی هاوپەیمانێكی ئەمریكادا بوو، تێرۆریستیە! ئەوە بەو مانایەیە ئەگەر ڕۆژێك دەوڵەتێكی دۆستی ئەمریكا لە تاران بێتە سەركارو مافی كورد پشت گوێ بخا (وەك توركیە) بزووتنەوەی كورد لەو بەشەش بزووتنەوەیەكی تێرۆریستیە! لە پارچەكانی دیكەش بەم شێوەیە. ئەم هەڵوێستە جگە لەوەی خەباتی ئەمریكاو هاوپەیمانانی لە دژی تێرۆریزم دا بەلارێدا دەبا، یارمەتی بەسەقامگیریی سیاسیو ئاسایش لە ناوچەكەدا نادا لە حاڵێك دا بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لە گرێوی ئاسایشو ئارامی دایە.

هەر ئەو هەڵوێستەی ئەمریكاش توركیەی هان دا بۆ ئەوەی بێ هیچ شەرمو شكۆیەك بە پێچەوانەی ئوسوولو پرەنسیپە نێونەتەوەیییەكان بڕیاری سنوور بەزاندنی وڵاتێكی دراوسێ پەسند بكا. هەر چۆنێك بێ ئەم هەڕەشانە بەر لەوەی روویان لە P.K.K بێ ڕوویان لە حكوومەتی هەرێمی كوردستانە كە ئەوەش بە زەرەری بەرژەوەندیو حوزووری ئەمریكا لە عێراق دایە.

ئەم قەیرانو ڕووداوانەی ئەم دواییە ئەزموونێكی زۆریان بۆ تێكۆشەرانی كورد لە سەرانسەری كوردستان دا تێدایە. بەداخەوە تا ئێستا دەوڵەتانی زاڵ بەسەر كوردستان دا سەرەڕای ناكۆكی لە بەرژەوەندیو ئامانجەكانیان لە ناوچەدا لە دژایەتیكردنی كورددا یەك دەنگو یەكگرتوو بوون، بەڵام كوردان سەرەڕای بەرژەوەندیو ئامانجی هاوبەشیان ئەو هاوكاریو یەكگرتووییەیان تێدا لاواز بووە. بەڵام دژكردەوەی كورد لە بەرامبەر ئەو قەیرانەدا تروسكەیەكی هیوای تێدا بەدی كردا كە بریتی بوو لەوەی: هێزو لایەنو كەسایەتییە جۆراوجۆرەكانی كورد لە كوردستانو دەرەوە لە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەكانی توركیەدا یەكدەنگ بوونو P.K.Kش بە قبووڵكردنی ئاگربەسو تەحویلدانەوەی دیلەكانی شەڕ بە توركیە، ئامادەیی خۆی بۆ هاوكاری لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستان نیشان دا تا بیانووی هێرشێكیماڵوێرانكەر بۆ سەر هەرێمی كوردستان لە توركیە ببڕێ.

ئەگەر هەموو دەوڵەتانی زاڵ بەسەر كوردستان دا سەرەڕای ناكۆكیو ڕەقەبەرایەتییەكانیان بۆ دژایەتیكردنی كورد كۆكن، نیشانەی ئەوەیە خەباتی كورد بە گشتی بە مەترسییەك دەزانن بۆ سەر بەرژەوەندییەكانیان، كە وابوو پێویستە هێزە كوردەكانیش جگە لەوەی ئامانجو بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە لە بەرژەوەندییەكانی خۆیان بگوزەرێنو یارمەتی بە چارەسەری كێشە هاوبەشەكە بدەن كە لە بەرژەوەندیی تێكڕای كورد دایە.